# کاریگەری ناکۆکییە ئابوورییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر سەقامگیری سیاسی هەرێمی کوردستان (2014-2024) (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە) (*)


| |
|---|
| عەبدولرەحمان بیلال حسێن |
| بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، عێراق |
| Abdurahmanbilal24@gmail.com |
| پ. ی. د.بارزان جوهر صادق |
| بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، عێراق |
| barzan.sadq@su.edu.krd |



| وشەکلیلیەکان: | Received: 19/06/2024 | ID No. 4460 |
|---|---|---|
| ناکۆکی ئابوری، حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵی عێراق، سەقامگیری سیاسی | Accepted: 03/08/2025 | (PP 337 - 364) |
| | Published: 16/11/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.13 |



## پوختە

لە دوای ساڵی 2005 ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان تەنها لە چوارچێوەی ڕەهەندە سیاسی و نەتەوەییەکەی نەماوەتەوە، کۆمەڵێك هۆکاری تر دروست بوون بۆ قولبونەوەی زیاتری ناکۆکییەکانیان، یەدەکی زەبەلاحی سەرچاوە سروشتیەکان بە تایبەتی وزە ( نەوت و غازی سروشتی) ئەم ناکۆکیانەیان گەیاندە لوتکە. بەو پێیەی هەرێم هەوڵی ئەوەی داوە کەوا ئابووری سەربەخۆ (بەڕێوەبردنی سامانە سروشتیەکان) لە ڕێی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت و سەرچاوەکانی تر بەدەست بهێنێت، وە حکومەتی فیدراڵییش( بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان) هەوڵی ئەوەی داوە کۆنترۆڵی هەرێم بکات و تەواوی داهاتە نەوتی و نا نەوتییەکان بگەڕێنێتەوە خەزێنەی فیدراڵی. لە ساڵی (2014) ئەم ناکۆکیانە بونە هۆی ڕاگرتنی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدراڵی، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر لاوازی ئابووری هەرێم هەبوو، دوتر ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بڕیارێك پابەندکرا لە ساڵی 2023، لێکەوتەی زۆری دانایە سەر دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بە شیوەیەکی گشتی، بە تایبەتی لەسەر سەقامگیری سیاسی. کە بوە هۆی پەرەسەندنی نارەزایەتیی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و زیادبوونی فشارەکان لەسەر حکومەتی هەرێم، کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی و پاشەکشەی توانای دامەزراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی، ئەمەش کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و پەیوەندی هەریم لەگەل دەرەوەدا دروست کرد. لەم توێژینەویە باس لە هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم ناکۆکیانە دەکەین. ئەو ماددە دەستووری و یاسایانە دەخەینە ڕوو کەوا بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندی ئابووری نێوان هەردوو لان. هۆی لێکدانەوەی جیاواز بۆیان بە هۆکارێکی سەرەکی ناکۆکی نێوانیان دادەنرێت. جگە لە بابەتەکانی پشکی بودجەی هەرێم، ڕادەست نەکردنی داهاتی نانەوتی، قەرزی گشتی هەموو ئەمانە لەم توێژینەوەیە تیشکیان دەخەینە سەر. دواتر کاریگەری ئەم ناکۆکیانە لەسەر سەقامگیری سیاسی هەرێم دەخەینەڕوو، کەوا تا چ ڕادەیەك کاریگەریان لەسەر بابەتەکانی متمانە و


(*) توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر.

بەشداری سیاسی، دروست بوونی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان هەبووە، هەروەها کاریگەری ئەم ناکۆکیانە کە بونەتە هۆی لاوازی توانای حکومەت لە دابین کردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاوڵاتیان و دروست کردنی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە

### (1-1) پێشەکی

بەرژەوەندی ئابووری زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە فرەیی و جیاوازن لە ڕووی پێکهاتەوە پەنایان بۆ سیستەمی فیدڕالی بردووە بەمەبەستی گونجاندن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان. سەرەتای دروست بوونی فیدراڵی لە عێراق کۆمەڵێ گرفت کەوتە نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر بابەتەکانی: (پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی، ماددەی 140 و هێزی پێشمەرگە)، دواتر ئەم گرفتانە سەریان کێشا بۆ بابەتی سەرچاوە ئابورییەکان. لە ساڵی 2014 وە هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی داعش ناکۆکییەکان لەسەر بڕینی بودجەو هەناردەو فرۆشتنی نەوت و بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکان و داهاتە نانەوتیەکان خراپتر بوون، ئەویش بە هۆی ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆ لە ڕێی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم. دواتر گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لە لایەن هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی ریفراندۆم و هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانە کە ئابووری هەرێم پشتی پێبەستبوو، لە کۆتایشدا ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان هێندەی تر ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لای زیاتر کرد.

لە ڕووی سیاسییەوە ئەم ناکۆکییە ئابووریانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر دۆخی سیاسی هەرێم و سەقامگیریەکەی داناوە، بوونە هۆی دروست بوونی چەندین قەیرانی دارایی و زیادبوونی قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم، بە ناچاری حکومەت دەستی دایە پاشەککەوتکردنی ڕێژەیەکی زۆری مووچەی فەرمانبەران و نەدانی کرێی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت، کەڵەکەبوونی چەندین قەرزی ناوەخۆو دەرەکی. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی هەرێم و زیادبوونی خۆپیشاندانەکان و کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی و لاوازی متمانە بە دامەزراوەکانی حکومەتی لێکەوتەوە، بەهۆی کەم توانایان لە پیشکەش کردنی خزمەت گوزاریە گشتییەکان. لە لایەکی تر پەیوەندی نێوان حزبە سیاسیەکانی کوردستان بەرەوە ناکۆکی زیاتر برد لەسەر بابەتی هەڵپەساردنی پەرلەمان و ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن. ئەمەش وایکرد لایەنەکان بە تایبەتی دوو پارتی دەسەڵاتدار بە دوو گوتارو دوو شێوازی مامەلەکردنی جیاواز لەگەڵ بەغدا ڕەفتار بکەن. لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین کە هۆکارە سەرەکیەکانی ناکۆکییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا و کاریگەرترین لێکەوتەکانی لەسەر سەقامگیری سیاسی هەرێم بخەینە ڕوو، سەرەتا بە پرسیاری توێژینەوەکە دەست پێدەکەین.

(1-2) پرسیارەکانی توێژینەوە: ناکۆکییە ئابوورییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چین و لێکەوتەو کاریگەریەکانیان لەسەر سەقامگیری سیاسیی هەرێم چییە؟

(1-3) گریمانەکانی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەی وا گریمانە دەکەین ناکۆکییە ئابووریەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی جۆراو جۆرو فرە ڕەهەندن، بەڵام ناکۆکی سەرەکی لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاوازە بۆ دەقە دەستوری و یاساییەکان بە تایبەتی لە بابەتی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی سەرچاوە ئابووری و داراییەکان و ڕادەستکردنی داهاتە نانەوتیەکانە. ئەمەش کاریگەری زۆری کردۆتە سەر سەقامگیری سیاسیی هەرێم. بۆیە تا ناکۆکییە ئابوورییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی زیاتر بن ئەوا بارودۆخی سیاسی لە هەرێم خراپتر دەبێت، بە تایبەتی سەقامگیری سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوەخۆو دەرەوە توشی گرفت دەبێت.

(1-4) میتۆدی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەمان پشت بە میتۆدی چۆنایەتی دەبەستێت لە شیکاری گشتی و شیکاری ناوەڕۆك، لە هەندێك بارودۆخدا ڕوبەڕووی کۆمەڵێك ژمارە دەبینەوە، بۆیە تەرکیز دەخەینە سەر میتۆدی چەندایەتی لەم بارانەدا.

(1-5) گرنگی توێژینەوەکە: بابەتی ناکۆکییە ئابوورییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بابەتێکی گرنگە و کاریگەریەکی زۆری کردۆتە سەر ژیان و گوزەرانی تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان و سەقامگیری سیاسی هەرێمی لەرزۆك کردووە. ئەرکی دامەزراوەکانیشی خستۆتە ژێر پرسیار سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەبێت پێشکەشی بکەن. ئەمە جگە لەو کاریگەریە زۆرەی کردویەتیە سەر پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان بەرامبەر حکومەتی فیدراڵیی و جیهانی دەرەوە. بۆیە لێکۆڵینەوە لەو ناکۆکییانە و دیاریکردنی هۆکارەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا

چارەکان بەمەبەستی پێشەکشکردنی چارەسەری گونجاو لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی پشت بەستراو بە داتاو زانیاری پشت ڕاستکراوە.

(6-1) پلانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێك دێت بەشی یەکەم چوارچێوەی توێژینەوەکەیە. لە بەشی دووەم هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکییە ئابوورییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم خراوەتەڕوو، هەرچەندە ناکۆکییەکان زۆر و فرە ڕەهەندن بەڵام ئەو بابەتانەی کەوا گرفتی سەرەکین دەست نیشان کراون، وەکو لێکدانەوەی ماددە دەستورییەکان، بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و داهاتی نا نەوتی، قەرزی گشتی. لە بەشی سییەم کاریگەری ئەو ناکۆکیانەمان خستۆتەڕوو کەبونەتە هۆی دروستبوونی نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێم، کە خۆی لە زیادبونی توندوتیژی و خۆپیشاندانەکان، بایکۆتی دەوامی فەرمانگەکان، لاوازی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی لە لایەن دامەزراوەکان. لاوازی متمانەو بەشداری سیاسی و زیادبوونی ناکۆکی سیاسی نوێوان لایەنە سیاسییەکان دەبینێتەوە. لە کۆتایشدا چەند دەرئەنجامێك خراوەتەڕوو لەگەڵ کۆمەڵێك ڕاسپاردەی گونجاو.

## بەشی دووەم: هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکییە ئابوورییەکانی نیوان حکومەتی فیدراڵی عیراق و حکومەتی هەرێم

پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق گیرۆدەی چەندین گرفت و ناکۆکی ئابوریە، بە تایبەتی دوای ساڵی 2005 جگە لە جیاوازی بۆ لێکدانەوەی ماددە دەستورییەکان ناکۆکییەکان لەسەر بابەتە ئابورییەکان بونەتە کرۆکی ناکۆکییەکانی نێوانیان، بە تایبەتی لە بابەتەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتی سامانە سروشتییەکان، گرفتی تەرخانکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی، پرسی ئاڵوگۆڕی داهاتە نانەوتییەکان و سودمەندبوونی هەرێم لە قەرزی گشتی حکومەتی فیدراڵی. ئەم ناکۆکییانە بونەتە هۆی زیادبوونی گرژییەکانی نێوانیان و زۆرجار دانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوو لای پەکخستووە.

### (1-2) چوارچێوەی دەستووری و یاسایی ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو حکومەت

لە ماددەی (1) ی دەستووردا ئاماژە بەوە دراوە کە عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت[1]. سەبارەت ڕێکخستنی پەیوەندیە ئابوورییەکان لە سیستمە فیدراڵییەکان بەگشتی چوار شێواز لە خۆدەگرێت کە بریتین لە (خەرجییە گشتییەکان، بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی داهاتەکان، بەڕێوەبردنە ئابوورییەکان، چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی نێوان حکومەتەکان) کە بە پێی شیوازو دەستوری ئەو دەوڵەتەی پراکتیزەی دەکات دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن[2]. هەرچی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵییە، لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە لە ساڵی (2003) وە چوار پرسی سەرەکی زاڵبوون بەسەر پەیوەندییەکانیان، ئەوانیش (شێوەی دەوڵەتی عێراق، بابەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پیشەسازی نەوتی کوردستان، سەرچاوەکانی داهات و چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان) ئەو چوار بابەتە بە ڕەنگدانەوەی ململانێی سروشتی نێوان خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی و خواستی بەغدا بۆ دووپاتکردنەوەی کاریگەری خۆی بەسەر هەرێمدا یان ئەوەی بە "شێوەی ناوەندیەتی ڕەق" کە بەغدا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا خۆی دەنواند[3].

پاشان دەستوری عێراق هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و هەرێمەکانی دیاریکرد، لە ماددەی (110) ئاماژەی بە دەسەڵاتە حصری(پاوانکراو)ی فیدراڵی کردووە لە بابەتەکانی: دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی، ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێودوڵەتییەکان، سیاسەتی قەرزکردن و واژووکردن لەسەریان،

---

1 ماددەی 1 ی دەستوری عیراق .

2 هەڤاڵ مستەفا مجید، پێوەرەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی فیدڕاڵی دەستوری عێراق وەك نمونە (شیکردنەوە و هەلسەنگاندن) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ،هەلێر، 2016، ل56.

3 Ababakr. Mahmood. Yasin."Iraqi Kurdistan Region: from Para diplomacy to protodiplomacy" Emerald Publishing Limited 8 (4) p: 309-328. https://doi.org/10.1108/reps-01-2020-0002.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

یەکلاکردنەوەو دانانی سیاسەتە ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەروەرییەکان، دانان و جێبەجیکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی، ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگی و دەرکردنی دراو، ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سنوری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق، دانانی بوودجەی گشتی دەوڵەت و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی، وە دانانی پرۆژەی بوودجەی گشتی و وەبەرهێنان، هەروەها پلان دانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاویانەی لە دەرەوەی عێراق دێن، و مسۆگەرکردنی گەیشتنی بڕە ئاوی پێویست بۆ ناو عێراق بە گوێرەی یاساو نەریتە نێو دەوڵەتیەکان
.[1]

هەرچی سەبارەت بە دەسەڵاتی هەرێمەکانە لە مادەی 121 بەم شیوەیە باسی دەکات: هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان هەیە بەگویرەی بەندەکانی ئەم دەستوورە، بەڵام بە ڕیزپەڕکردنی دەسەڵاتە حەسریەکانی فیدراڵی. دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسایی فیدراڵی هەیە، لە دۆخی بوونی دژیەکی لە نێوان یاسای هەرێم و یاسای فیدراڵیدا، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە نەکەوتۆتە نێو دەسەڵاتە حەسرییەکانی فیدراڵی[2]. سەبارەت بە دەسەڵاتە یاسایی و کار گێڕییەکانە دەستور بەڕونی ئاماژەی پێکردووە بەڵام هەرچی سەبارەت بە بابەتی ئابووری و بەڕێوەبردنی سامانە سرووشتییەکان و سەرچاوەکان لە دوو مادده ئاماژەی پێکراوە، لە ماددەی 111 هاتووە کەوا (نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا). وە لە ماددەی 112 بەم شێوەیە باس لە سەرچاوە سروشتیەکان دەکات. یەکەم: (حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غازی بەرهەمهێنراو کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات، بە مەرجێك داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵات دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیان لێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردوون، و ئەوانەشی کە پاشتر زیانیان بەرکەوتووە، بە جۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی ووڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت). دووەم:(حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی سامانی نەوت و غاز بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوودو کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشت بەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان)[3]. ئەم دوو مادده دەستورییە بە چەقی دروستبونی ململانێی نێوان هەرێم و بەغدا دادەنرێن، چونکی هەر یەکەیان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕا هەیە لەسەر ئەم بابەتە. ڕای یەکەم پێیان وایە ماددەی 112 دەبێت لەژێر ڕۆشنایی ماددەی 111 خوێندنەوەی بۆ بکرێت، کە دەڵێت نەوت و گاز موڵکی هەموو خەڵکی عێراقە بەو پێیەی دەسەڵاتی فیدراڵی نوێنەرایەتی هەموو عێراق دەکات، ئەم بابەتە لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە، نەك هەرێم و پارێزگاکان، کە تەنها نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن[4].

ڕای دووەم پێیان وایە ماددەی 112 تەنها مەبەستی لە کێڵگەکانی ئێستایە کە بەرهەمهێنانی لێدەکرێت، نەوەك ئەوانەی لە داهاتوو نەوت و گازیان لێ بەرهەم دێت، وە پێیان وایە ڕۆڵی دەسەڵاتی فیدراڵی درێژنابێتەوە بۆ مافی کێڵگەکانی داهاتوو چونکە تەنها باس لە کێڵگەکانی ئێستا دەکات، وە بابەتەکانی پەیوەست بە نەوت و غاز لە لێهاتوویە هاوبەشەکانن. هەروەها حکومەتی فیدراڵیش مەرج نیە بەشداری لە بەڕێوەبردنی نەوت و غازدا بکات لە گشت هەرێم و پارێزگاکان، وە ئەگەریش ئەم بابەتە گرفتی بۆ دروست بێت، بە پێی ماددەی 115 دەستور ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێمەکانە، هەروەها ماددەی 121 دەستوور، کە ڕێگە بە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەدات دەستکاری جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێم

1ماددەی 110 دەستوری کۆماری عیراق.

2 ماددەی 121 دەستوری کۆماری عێراق.

3 ماددەی 111 و 112 دەستوری کۆماری عێراق.

4 خالد احمد احمد، أشكالية العلاقة بين حكومة أقليم كوردستان والحكومة الاتحاديه العراقية (2005-2020)، اطروحة دكتوراه، جامعة سوران، سوران، 2024، ص189.

بكەن لەکاتی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوانیاندا. لە لایەکی تر مادەی (١٠٩) و هەروەها مادەی (١١٠) هەیە لە دەستور بە هەشت بڕگەی خۆیەوە، تایبەتمەندی دەسەڵاتە فیدراڵییە تایبەتەکانی دیاریکردووە، دەسەڵاتی بەسەر سامانی نەوت و گازدا نەخستۆتە ناوەوە، هەربۆیە ناکرێت حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی بەسەر سامانی نەوت و گازدا لە ئێستادا بە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵی بزانێت[1].

خاڵێکی گرنگ لە کێشەی نێوان حکومەتی فیدڕالی و حکومەتی هەرێم بە پێی دەستوری عێراق سیستمی کارگێڕی و دادوەری و سیاسی لامەرکەزییە، بەڵام سیستمی دارایی مەرکەزییە، بە پێی ماددەی 110ی دەستور هەموو سیستمە داراییەکان بە ناوەندکراوە، هەر بۆیە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی، تایبەتمەندی دەوڵەتی فیدڕالی تێدا نیە، هەرێمی کوردستان وەك پارێزگاکانی تری عێراق هەژمار کراوە، لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێمیش بە سوود وەرگرتن لە سەربەخۆیی سیستمی کارگێڕی و دادوەری و یاسایی ویستویەتی سەربەخۆی ئابووری و دارایی بەدەست بهێنێت[2]. نابێ ئەو ڕاستییە لەبیربکەین کە گرفتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێمەکان لە ترسناکترین ئەو گرفتانەیە کە یەخەی سیستمی فیدراڵیە تازە دروستبووەکان دەگرێت کە ئەمەش بۆ سروشتی جیاواز و ناکۆکی لە تێڕوانین و بەرژەوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان دەگەڕێتەوە کە دەبێتە هۆی جیاوازی لێکدانەوە بۆ دەقە دەستوریەکان. ئەم گرفتانەش زیاتر دەردەکەوێ کە لە دەستوردا یەکلا نەکرابنەوە یاخود دەستور بەلایاندا نەچوبێت کە لە کاتی پراکتیزەکردنی سیستمی فیدراڵی دروست دەبن، بۆیە لە سەرەتای پیادەکردنی سیستمی فیدراڵی تاوەکو ئەمڕۆ ئەم کیشانە تادێت قوڵتر و زیاتر دەبن[3].

### (2-2) کێشەی فرۆشتنی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان

هەرێمی کوردستان خاوەن یەدەگێکی گەورەی نەوت و گازە لەچاو ئەو ڕوبەرە جوگرافیەی هەیەتی. سێ سەرچاوەی سەرەکی هەن کە داتای جیاواز دەخەنەڕوو ئەوانیش وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای ڕووپێوی جیۆپۆلۆتیکی ئەمریکی(USGS) ، ئاژانسی ووزەی جیهانی(IEA) کە هەر یەکەیان ئاماری جیاواز دەخەنە ڕوو، بەلام بە شێوەیەکی گشتی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە (45.000.000.000) بەرمیل نەوت دەخەملێنرێت، ئەمە جگە لە بونی (5.700.000.000.000) مەتر سێجا یەدەگی گازی سروشتی[4].

دوای پەسەندکردنی دەستوری عێراق دەبوایە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربچوبایە بەڵام ئەم یاساییە دەرنەچوو، بۆیە پەرلەمانی کوردستان تاك لایەنە لە ڕێککەوتی 2007/2/20 پاڵپشت بە ماددەی 112 دەستور یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2007 یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی دەرکرد و بڕیاری دەرهێنان و بە بازاڕکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیدا. بە پێی بڕگەی (4و5) مادەی (3) لە یاسایەکەدا حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی پرۆسەی گەڕان و دەرهێنان و بە بازاڕکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، وە لە بڕگەی (1) ماددەی (24) ی یاساکەدا دەسەڵات بەخشراوەتە وەزیری سامانە سروشتییەکان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ڕێککەوتن و گرێبەستی ووزە لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان واژوو بکات بە هەرسێ مەبەستی گەڕان و دۆزینەوەو بەبازاڕکردنی نەوت و ووزەی هەرێمی کوردستان[5]. دواتر یاسای ژمار (5) ساڵی 2013 ی دەرکرد یاسای وەرگرتنی شایستە داراییەکان لە حکومەتی فیدراڵی لە

---

1 خالد احمد احمد، المصدر نفسه، ص190-192.

2ڕێکخراوی ستۆپ، پشکی هەرێمی کوردستان لە یاسای بوودجەی عێراق، ناکۆکی و ئاڵنگارییەکان، ڕاپۆرتی دەیەم، چاپخانەی کامبریج ، بڵاوکراوەکانی ڕیکخراوی ستۆپ، زنجیرە (40) نۆڤیمبەری 2024، ل24.

3طە حمید حسن و سمیة غالب زنجیل، النظام الاتحادی بین الاقرار الدستوری والواقع العملی، مجلة یاساو رامیاری، کلیة قانون والسیاسة، العدد خاص، اربیل، ص128.

4 صالح عمر عیسی و پەروێز رەحیم قادر، ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەك نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (6) – ژمارە (4)، پایزی 2021، هەولێر، ل158.

5یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2007 ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان .

**ماددەی سێیەمی یاساکە هاتووە: دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز پاڵپشت بە بڕگەی 1 ی ماددەی 112، وە بەشداری کردارەکی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بە بازاڕکردنی نەوت و گازی بەرهەمهێنراو پاڵپشت بە بەندی دووەمی ماددەی 112 ی دەستور کە هەرێم لێی بێبەشکراوە[1].**

**بڕیاری دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بووە هۆی ئەنجامدانی چەندین گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی ووزەی هەرێمی کوردستان بکەن، وەك (شیفرۆن)، (ئیکسۆن مۆبیل)، (تۆتال ئینێرجیك)و چەندانی تر، دواتریش گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (دانا گاز) ی ئیماراتی بەمەبەستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی غازی سروشتی و هەروەها کۆمپانیاکانی (گاز پرۆم) و (روز نەفت) ی رووسی بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی ژێرخانی ووزە ئەنجامدا. بەڵام حکومەتی عێراق دژایەتی ئەم پرۆسەیەی هەرێمی کوردستانی کردووە جگە لەوەش کێشەی لەگەڵ شیوازی ئەو گرێبەستانە هەیە کە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە کراون [2*].**

**ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی فیدراڵی چەند هەنگاوێکی یاسایی لە دژی هەرێم بگرێتەبەر لەسەر ئەم بابەتە. بۆ نمونە لە ساڵی 2012 حکومەتی فیدراڵی داوایەکی ئاراستەی دادگای فیدراڵی کرد سەبارەت بەو نەوتەی هەرێم هەناردەی دەکات و ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی ناکات، دوای چەندین دواخستن دواتر دادگا ئەم بڕیارانەی دا: نا دەستوری بوونی یاسای ژمارە 22 ی سالی 2007 تایبەت بە نەوت و گازی هەرێم. ڕادەستکردنی هەموو داهاتی نەوتی بە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی. داواکردن لە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ بەدواداچون بە گریبەستە نەوتییەکانی هەرێم سەبارەت بە گەڕان و پشکنین، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت[3]. هەنگاوی دووەم: بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتی لە پاریس لە رۆژی (13ی شوباتی 2023) کە بووە هۆی ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان. بە پێی بڕیارەکەی دادگای ژووری ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دەستوری و یاساییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ناتوانێت نەوت لە ڕێگەی بۆڕیەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، چی نەوتی باکور بێت، چی نەوتی هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێك نیە لە رێککەوتنی ( IPT) واتا ( بە بازارکردنی نەوتی جیهانی) کە لە نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی 1973 تایبەت بە بۆڕی نەوت واژوو کراوە، جگە لەوەی عێراق داوای (30.000.000.000) دۆلار قەرەبوو لە تورکیا دەکات بەهۆی هەناردەی نەوتی هەرێم لەڕێگای خۆیەوە[4]. جگە لەوەی هەرێمی کوردستان نزیکەی (3.000.000.000) دۆلاری بە دادگا جیهانییەکان دۆڕاندوە، یەکێك لە دیارترین ناکۆکییەکان پەیوەندی بە کۆمپانیای دانا غاز و کرێسنت پیترۆلیۆمەوە هەبوو، دادگای**

---

**1 یاسای ژمارە 5 ساڵی 2013 یاسای وەرگرتنی شایستە داراییەکان لە حکومەتی فیدڕاڵی، پەرلەمانی کورستان.**

**2 محمد اسماعیل جلیل، کاریگەری جەنگی داعش لەسەر پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان- عێراق لە ساڵانی(2014-2022) نامەی ماستەر، زاکۆی صلاح الدین- هەولێر، هەولێر،2015،ل 75.**

***بە شێوەیەکی گشتی دوو شێوازی گرێبەست هەیە: شێوازی (ئیمتیاز) و شێوازی (گرێبەست)، شێوازی گرێبەستیش دەبێتە دوو جۆر گرێبەستی هاوبەشی کردن لە بەرهەم( لە هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت)، لەم جۆرە گرێبەستە کۆمپانیای نەوت مەترسی گەڕان و پشکنین و خەرجی لە ئەستۆ دەگرێت ئەگەر نەوت نەدۆزرایەوە حکومەت هیچ خەرجیەك نادات. وە کۆنترۆلی نەوت لەدەست حکومەت دەبێت و کۆمپانیای نیشتیمانیش بەشدار دەبێت لەگەل کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان. وە گرێبەستی خزمەتگوزاری (لە عێراق پەیرەو دەکرێت)، لەم شێوازە حکومەت گرێبەست لەگەل کۆمپانیایەکی نەوت دەکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە کۆمپانیا کرداری گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە ئەنجام دەدات. لە بەرامبەر ئەوەشدا کۆمپانیا بڕە پارەیەك لە حکومەت وەردەگرێت. کە هەر یەکە لەم شێوازانەش بە پێی جیۆلۆجی بلۆکی نەوتی یا گازی و شێوازی خەرجی و پشکی کۆمپانیا نەوتی و نیشتیمانیەکان دیاردەکرێت.**

**3 المحكمة الاتحادية قراراها بالدعوى 59/اتحادية /2012 وموحدتها 110/اتحادية / 2019 في 2022/2/15 المتضمن الحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة إقليم كردستان رقم (22) لسنة 2007. الرابط،**
**https://www.iraqfsc.iq/news.4805**

**4 ياسر المالكي، تداعيات حكم غرفة التجارة الدولية على قطاع النفط في العراق و اقليم كوردستان،IRIS، تاريخ الزيارة، 2025/4/28، الربط https://shorturl.at/Qi5Vy**

ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن بڕیاری لە بەرژەوەندی داناغاز و هاوبەشەکانی دا، بڕیاریدا حکومەتی هەرێم (1.096.000.000) دۆلار وەک قەرەبووی فاکتورە نەدراوەکانی پەیوەست بە فرۆشتنی غاز و پێشێلکارییەکانی تری گرێبەستەکان بدات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا هەرێمی کوردستان بە بێ ئەوەی پاڵپشتی دەستوری هەبێت گرێبەستی لەگەڵ(57) کۆمپانیای نێودەوڵەتی کە لە (22) دەوڵەتەوە هاتوون واژووکردووە[1]. ئەمەش وایکردووە هەمیشە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت و سەرچاوەکان یەکێك بن لەهۆکاری ناکۆکیە بەردەوامەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، تەنانەت لە ساڵی 2008 بوە هۆی ئەوەی حکومەتی فیدراڵی هێز بۆ سەر ناوچە دابڕاوەکان و هەرێم بجوڵێنێت، وە لە ساڵی لە 2017 دووبارە لەسەر نەوتی کەرکوک بینیمان سوپای عێراق بە تانك و چەکی قورس هێرشی کردە سەر ئەو ناوچانە[2]. لە ساڵی 2007 تا 2023، نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهان بە نرخێکی کەمتر لە نرخی نەوتی وڵاتانی دیکە فرۆشراوە[3]. یاخود فرۆشی نەوت زۆربووە بەڵام داهاتی کەم بۆ حکومەت گەڕاوەتەوە کە ئەمەش بە هەدەر دان و هەرزان فرۆشتنی سامانە سروشتیەکان لەلایەن عێراقەوە لێکدەدرێتەوە. لەم خشتەیەی خوارەی بڕو نرخی فرۆشی نەوتی هەرێم ساڵانە خراوەتە ڕوو کە کۆمپانیای دیلۆت بڵاوی کردۆتەوە:

| ساڵ | نرخی ناوەندی یەك بەرمیل | هەناردەی نەوت بە بەرمیل | کۆی داهاتی نەوت | تێچوویی | پوختەی داهاتی ماوە بۆ حوکمەت |
|---|---|---|---|---|---|
| 2007- | 30.276 | 485,716,593 | 18,300,470,259 | 8,157,401,060 | [4]10,143,069,199 |

1 بەهرۆز جعفر، بەرەو پێداچونەوەی ڕیشەیی بە پرۆسە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان. پەیمانگای میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، 2024\3\12. بەستەر، https://shorturl.at/XwMmX

2بەهرۆز جعفر، هەمان سەرچاوە.

3 Bahrooz jaafar ,The KRG's Energy Sector: The Search for Regional Stability, MEDITERRAN INSTTI FOR REGIONAL STUDIES, 19/2/2023. Link, https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=189%3E

4 ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://www.rudaw.net/sorani/business/01012016-amp

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2016 | | | | | |
| 2017 | 42.94 | 201,850,190 | 7,923,412,194 | 4,031,898,983 | [1]3,891,513,211 |
| 2018 | 59.899 | 138,641,356 | 7,914,746,875 | 3,571,005,625 | [2]4,343,741,250 |
| 2019 | 52.676 | 170,977,784 | 8,438,601,300 | 3,923,179,675 | [3]4,515,421,625 |
| 2020 | 28.1 | 165,942,861 | 4,448,835,268 | 2,103,357,557 | [4]2,345,477,711 |
| 2021 | 59.49 | 162,528,616 | 9,125,987,056 | 5,161,172,554 | [5]3,964,814,502 |
| 2022 | 84.989 | 158,310,152 | 12,422,260,894 | 6,712,556,807 | [6]5,709,704,087 |
| 2023 | 67.639 | 36,723,475 | 2,199,684,396 | 1,253,187,254 | [7]946,497,142 |
| | 47.33433333 | 1,520,691,027 | 70,773,998,242 | 34,913,759,515 | 35,860,238,727 |

## (3-2) پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی

خشتەی ژماری (1)ڕێژەی فرۆشی نەوت و داهاتەکەی لە لایەن حکومەتی هەرێم.
ئامادە کردنی لە لایەن توێژەر بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتەکانی دیلۆت

به پێی ماددەی 110 دەستور، دانانی بوودجەی بوودجەی گشتی لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییە. وە پەسەندکردنی لە گرنگترین ئەرکە داراییەکانی

1ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/arabic/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2017 /

2ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/arabic/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2018

3ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2019/

4 ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2020/

5ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2021 /

6ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2022

7ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوا بەرواری سەردانی کردن 2024/3/10، بەستەر https://gov.krd/arabic/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2023

پەرلەمانە لە عێراق، پرۆژەکە تاوتوێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لەو ئاراستە جیاوازانەی کە بۆ ئەم پرۆژەیە داڕێژراون، هەروەها سەبارەت بە هەر تەرخانکردنێکی زیادە، بڕگەکانی کۆنترۆڵکردنی دارایی، و پەسەندکردنی حیسابی کۆتایی و هەموو شتێک کە پەیوەندی بە قەرز و باج و پابەندبوونە داراییەکانی ترەوە هەیە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ڕێکخستنی و پوختکردن سەبارەت بە دیاریکردنی پشکی هەرێم و پارێزگاکان لە گەنجینەی دەوڵەتەوە هەموو ئەمانە ئەرکی پەرلەمانی عێراقە[1]. بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2004 وەکو بودجە پارە لەلایەن حکومەتی فیدڕالی بۆ هەرێم تەرخانکرا لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتێکی یەکگرتووی دارایی، کە سەرچاوەکانی داهات و خەرجییەکان بە هاوبەشی لەژێر بنەماکانی فیدراڵیزم بەڕێوە ببردرێن، و ئەو کات بە ڕێژەی 17% پشکی هەرێم دیاریکرا لە بودجەی فیدراڵی ئەمەش بۆ ئەوەبو کەوا هەرێمی کوردستان بتوانێت بودجەی تایبەت بەخۆی هەبێت و بەپێی پێداویستی و ڕێژەی دانیشتوانی پلانڕێژی بۆبکات، بەم پێیە بودجەی ساڵانەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدڕالی دابین بکرێت[2].

لە ساڵی 2005 وە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی دیاریکراوە چەندین مەرجیش بۆ ناردن و نەناردنی بودجە داندراوە کەوا لە زۆربەی ساڵەکان یاساکانی بودجە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوەی کەوا لە هەموو یاساکانی بودجە نەگۆڕە دوو بابەتە:یەکەمیان پێداگری بەغدایە لەسەر مەرجەکانی لە بەرامبەر ناردنی پشکی هەرێم. دووەمیان، پابەند نەبونی هەرێمە بە بەشێکی زۆری ئەو مەرجانەی حکومەتی فیدراڵی دیاری کردووە[3]. بەشێوەیەکی گشتی لەو ساوە تاوەکو ئێستا بودجەی عێراق سێ دەرئەنجامی داوەتە هەرێمی کوردستان. یەکەمیان: ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێوان لایەنە کوردستانیەکانی زیاتر کردووە، بەهۆی ئەو ڕایە جیاوازانەو دابەشبونەیان لەسەر ئەو پرسە. دووەم، دەسەڵاتێکی کردەیی داوەتە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی بۆ پرسەکانی بەڕێوەبردن لە ناوخۆی هەرێم بەجۆرێك کە هەر کات بیەوێت بودجە بنێرێت یاخود کەمی بکاتەوە یاخود هەر نەینێرێت. سێیەمیان، دەسەڵاتی فراوانتری داوەتە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە ناکۆکیەکانی نێوان هەولێرو بەغدا کەوا زۆرینەیان شیعەکان و لایەنگری ئێرانن، تاوەکو لە هەر بابەتێك بیانەوێت دژی هەرێمی کوردستان بەکاری بهێنن ئەمەش دۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی بەرتەسك کردووە[4]. هەموو ئەمانە بونەتە هۆی دروستکردنی لایەنێکی نەرێنی بۆ ئابووری هەرێم بەهۆی ئەوەی پشتی بە بودجەی عێراق بەستووە کە ئەمەش لە دوو بواردا هەڕەشە دەبێت بۆ سەر ئابووری هەرێم. یەکەمیان ئەوەیە کە ئابووری عێراق پشتی بەستووە بە فرۆشتنی نەوت و ئابوورییەکی کرێخۆرە، دووەمیان پرسی بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە سیاسی و بە ئاسایش کراوە، پەیوەست کراوە بە ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا، ئەمەش وایکردووە ڕەوشی هەرێمی کوردستان بە گشتی توشی ناسەقامگیری بێت وە کاریگەری زۆری لەسەر دابەزینی توانای دارایی حکومەتی هەرێم بکات[5].

گرفتی سەرەکی لە یاساکانی بودجەیە، چونکە دوای دروستبوونی بابەتی بڕینی بودجە هیچ کاتێك حکومەتی فیدراڵی ئەو بەشەی نەناردووە کەوا بۆ هەرێم دیاریکراوە. کەوا لە سەرەتا تاوەکو ساڵی 2018 (17%) دواتر کرا بە (12.67%) بەڵام ئەم بڕەش هێشتا نەنێردراوە لەژێر پاساو هۆکاری جیاجیا، کە لە خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە[6]. بۆ نموونە لە یاسای ژمارە (13) ی بودجەی گشتی بۆ ساڵەکانی (2023و2024و2025) لە ماددەی 12 ئاماژەی بەوە کراوە پاش بڕینی بوودجەی

---

1 عبد منعم ابو طبيخ، توزيع الاختصاصات فى دولة الفدرالية دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، الاكاديمية العربية المفتوحة، كليه قانون والعولم السياسة، دانمارك، ص60.

2 احمد خلف حسين، تحليل الاقتصادى للتنضيم التشريعى للاختصاصات المالية للحكومة المركزية والاقاليم، مع تطبيق على جمهورية العراق، رسالة ماجستير، كليةالحقوق، جامعة المنصورة، بغداد، 2020، ص13.

3جیهانگیر صدیق گوڵپی، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا، هۆکارەکانی ناسازی، سناریۆکانی ئاینده گۆڤاری ئاینده ناسی، ژمارە 5 ، کانونی یەکەمی 2021، ل 18.

4 زریان ڕۆژهەڵاتی، ئەودیوی بودجە، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕوداو،12\6\2023،ل3.

5 صالح عمر عیسی و پەروێز رەحیم قادر،سەرچاوەی پێشوو. ل 172.

6دابان عبدالواحید حسن، لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغداد سەبارەت بەیاسای بودجە، چاوی کورد،2023/8/1. بەستەر https://shorturl.at/mePDw.

سیادی ئینجا (12.67%) بەشە بوودجەی هەرێم دەنێردرێت واتا پاش دەرهێنانی بوودجەی سیادی کە لە عێراق نزیکەی (50%) بوودجەی گشتی پێك دەهێنێت[1]. بابەتێکی تر خەرجی و مووچەی پێشمەرگە کەوا بەپێی دەستوری هەمیشەی عێراق بڕگەی 5 ماددەی 121 پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگری حکومەتی عێراقی. بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەك لە چوارچێوەی بوودجەی وەزارەتی بەرگری فیدرڵی بۆ پێشمەرگە خەرج نەکراوە[2].

| ز | ساڵ | ڕێژە | بڕی دیاریکراو لە بودجە ی فیدراڵی [3] | بڕی نێردراو[4] | بڕی ماوە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2014 | 17% | 19,999,616,000,000 | 2,280,786,000,000 | -17,718,830,000,000 |
| 2 | 2015 | 17% | 11,984,675,300,000 | 2,476,885,000,000 | -9,507,790,300,000 |
| 3 | 2016 | 17% | 11,177,921,080,000 | 0 | -11,177,921,080,000 |
| 3 | 2017 | 17% | 11,992,691,829,000 | 0 | -11,992,691,829,000 |
| 5 | 2018 | 12.67% | 6,598,000,000,000 | 3.175.000.0000.000 | -3,423,000,000,000 |
| 6 | 2019 | 12.67% | 9,783,025,811,000 | 5,439,120,000,000 | -4,343,905,811,000 |
| 7 | 2020 | 12.67% | 5,436,000,000,000 | 1,359,000,000,000 | -4,077,000,000,000 |
| 8 | 2021 | 12.67% | 11,482,384,940,000 | 1.200.000.000.000 | -10,282,384,940,000 |
| 9 | 2022 | 12.67% | 11,482,384,940,000 | 0 | -11,482,384,940,000 |
| 10 | 2023 | 12.67% | 16,497,871,089,000 | 4.298.000.000.000 | -12,199,871,089,000 |
| 11 | 2024 | 12.67% | 16,497,871,089,000 | 10,026,883,544,549 | -6,470,987,544,451 |
| | | | 142,721,778,910,000 | 30,255,674,544,549 | -112,466,104,365,451 |

خشتەی ژماری (2)پشکی بوودجەی هەرێم لە بودجەی ساڵانەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق.
ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی

## (2-4) بەڕێوەبردن و ئاڵوگۆڕی داهاتی نا نەوتی

لە زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵیەکان دەسەڵاتی دارایی هەر یەکە لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان دیاریکراوە لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی داهات و باج و دوبارە دابەشکردنەوەی ئەمر داهاتانە، لە عێراق بە پێی دەستور ئەمر بابەتە لەو دەسەڵاتە تایبەتمەندانەیە کە پەیوەستە بە حکومەتی فیدراڵی هەروەکو لە دەسەڵاتە حصریەکانی حکومەتی فیدراڵی لە سەرەوە ئاماژەمان پیداوە بە پێی بڕگەی(3و7) لەماددەی (110)[5]. لەمادەی (121) بڕگەی سێیەمدا هاتووە کە هەرێم و قایمقامیەتەکان بەشدار بکرێن بە پشکێکی دادپەروەرانە لەو داهاتانەی کە حکومەت کۆیاندەکاتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی دانیشتووانیان [6].

1 بڕوانە ماددەی 12 یاسای ژمارە 13 سالی 2023 .یاسای بوودجەی گشتی عێراق.
2 ماددەی 121 دەستوری کۆماری عێراق.
3 خالد احمد احمد، مصدر سابق، ص236.
4 وەرگیراوە لە دیوانی چاودێری حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.
5ماددەی 110 دەستوری کۆماری عێراق.
6احمد نور طە وە د.علی فارس جانگیر، الحقوق المالیة للاقالیم والمحافضات غیر المنتظمة فی اقلیم فی العراق، مجلة الاكادمیة جامعة نوروز، مجلد 9، عدد1، 2010، ل416.

سەبارەت بە ناکۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕالی لەسەر ئەم بابەتە سەرەڕای بەشداریکردنی هەرێم بەو داهاتانە لە ڕێگەی شێوازی لەبریی داشکاندن تاوەکوو ساڵی 2013 بۆ باج و گومرگەکان و لە 2019 و 2020 بۆ ئەو داهاتانە و ڕادەستکردنی داهاتی (250.000.000) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بەڵام هەمیشە وا ڕادەگەیەنرێت کە هەرێم بە هیچ جۆرێك بەشداریی نەکردووە لە پێکهێنانی داهاتەکانی عێراق، ئەمەش کراوەتە پاساو بۆ نەناردنی بڕی شایستە لە پشکی بودجەی هەرێم. چونکە بەغدا هەمیشە پێی وا بووە کە پێویستە هەموو داهاتەکانی هەرێم ڕاستەوخۆ یان بە خەمڵاندن و چاودێریی خۆی بخرێنەوە سەر گەنجینەی ناوەندی و لەوێوە مەرکەزیانە بەسەر گشت پارێزگاکاندا دابەش بکرێن، وە ئەم جۆرە ویست و مامەڵانە لەگەڵ فیدڕالیەتی داراییدا یەکناگرنەوە[1].

بۆیە حکومەتی فیدراڵی ڕادەستکردنی داهات تەنها ئەو کاتە هەژمار دەکات کەوا بە کاش پارە لە هەرێم بگەڕێندرێتەوە بەغدا بۆ نمونە بە پێی لێکۆلینەوەیەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی حکومەتی فیدڕالی، حکومەتی فیدراڵی لە ساڵی 2005 بۆ 2019 بڕی (96.196.503.000.000) دیناری وەکو بودجە بۆ هەرێم ناردووە، هەروەها هەرێمی کوردستان تەنها (2.274.430.000.000) دیناری وەکو داهاتی ناوەخۆ گەڕاندۆتەوە بۆ بەغدا وە هەرێم لە ساڵی 2014 تاوەکو 2019 (40.703.000.000) دۆلارە کە دەکاتە نزیکەی (47.961.000.000.000) لە ڕێی فرۆشتنی (795.046.674) بەرمیل نەوت بە دەست هێناوە. کەوا ئەگەر ئەو دوو ترلیۆنەی لێدەربکەین دەکاتە بڕی (.141.883.830.000.000) دینار[2]. یاخود بۆ مووچەی مانگی (ئایاری/2025) بە پێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵی بە ژمارە(14502) لە بەرواری(2025/5/28) ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە کە چیتر ناتوانێت پارە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت بەهۆی ئەوەی هەرێم لە ساڵی 2023 تاوەکو مانگی نیسانی ساڵی 2025 بڕی(19.239.193.439.934) دیناری ڕادەستی بەغدا نەکردووە، کە دەبوایە ڕادەستی بکات بەم ژمارەیەش پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی کەوا (12.67%) تێپەڕاندووە[3].

وەك چارەسەرێك و بە مەبەستی ڕێکخستن و وەرگرتنی داهاتە فیدراڵیەکان، کوردستان یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2013 یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی بەرکەوتە (مستحقات) داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتە ئیتیحادییەکان دەرکرد، لە مادەی سێیەم هاتووە هەرێم پشکی دەبێت لە داهاتە نانەوتیەکانی حکومەتی اتحادی وەکو کۆمەك و قەرزە نێودەوڵەتیەکان پاڵپشت بە ماددەی 121 دەستور، وە هەرێم پشکی سەرباری دەبێت لە داهاتەکانی نەوت و گاز وەکو قەرەبوی ئەو زیانانەی لە سەردەمی ڕژێم بەریکەوتووە پاڵپشت بە ماددەی (112)ی دەستور، وە بەشداری هەرێم لە پێکهێنان و ئەندامیەتی دەستەی گشتی چاودێری و داهاتە فیدراڵیەکان بە پێی ماددەی (106) دەستور[4]. وە ئەو داهاتانەی لە خاڵە سنوریەکان بەدەست دێن بەشێوەیەکی (حصری) دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی مەرزە سنووریەکان[5].

لە بەشی پێنجەم ماددەی 6 لە بڕگەی دووەم باس لەوە دەکات لە ئەگەری ئاگادار نەکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی ئەم داوایە لە لایەن حکومەتی فیدراڵی. حکومەتی هەرێم بۆی هەیە بە پێی حکومەکانی ئەم یاسایە هەڵبستێت بە وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی لە نێوانیشیان بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو، بۆ پڕکردنەوەی مستحقاتی هەرێم کە حکومەتی فیدراڵی خۆی دەگرێت لە دانەوەیان[6].

بابەتی ئاڵوگۆڕی داهات لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕالی خاڵێکی جەوهەرییە لە ناکۆکی ئابووری هەردوولا، بەو پێیەی هەر ڕێککەوتنێك یاخود یاسایەك بۆ هەر چارەسەرێك داندرابێت ڕادەستکردنی داهات بەتایبەتی لەلایەن

1جیهانگیر صدیق گولپی، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا، سەرچاوەی پێشوو.ل 15.

2ابتسام عبداللتيف محمد،مستحقات اقليم كوردستان وكميات مبالغ تصدير النفط خارج طار شركة (سومو) و مدهى تأثيرها على الموازنة الاتحادية للمدة (2005 – 2029)، مجلس نواب العراقى، دائرة البحوث والدراسات النيابية مكتب بحوث الموازنة(تشرى الاول 2020)، ص 1.

3 كتاب وزارة المالية الاتحادية رقم(14502) من 2025/5/28.

4ماددەی 3ی یاسای ژمارە 5 ی ساڵی 2013.

5ماددەی 4ی یاسای ژمارە 5 ی ساڵی 2013.

6ماددەی 6ی یاسای ژمارە 5 ی ساڵی 2013.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەرێم مەرجی سەرەکی بووە، سەرەتای بڕینی بودجەی هەرێمیش لە ساڵی 2014 لەژێر ئەو پاساوەبوو بەوەی حکومەتی هەرێم داهات ڕادەستی حکومەتی فیدڕالی ناکات، ئەمە تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە و هۆکاری نەناردنی مووچەش هەر لەژێر ئەم پاساوەیە.

### (5-2) قەرزی گشتی

قەرز گرێبەستێکە حکومەت ئەنجامی دەدات یان کەسێکی گشتی لە گەڵ جەماوەر یان لە گەڵ وڵاتێك، بەڵێن دەدات بەپێی بنەماکانی ئەم گرێبەستە ئەوا بنچەی قەرزەکە و سووەکەی بداتەوە لە کاتی خۆی بە ڕوخسەت وەرگرتن لە دەسەڵاتی پەیوەندیدار. بۆ وەرگرتنی قەرز پێویستە حکومەت پەنا بۆ پەرلەمان ببات نابێت حکومەت بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان گرێبەستی قەرزکردن ئەنجام بدات[1]. بەڵگەکانی یەکێتییە فیدراڵییە تازەپێگەیشتوەکان دەیسەلمێنن کە حکومەتەکان پێویستیان بە دانانی سیستمێکە کە ڕێگری لە قەرزەکان بکات، چونکە دەبنە سەرچاوەی کێشە ئابووری و داراییەکان لەبری چارەسەرێک بۆیان. قەرزی گشتی ئەم سەرچاوەیە لە زۆربەی سیستمە فیدراڵیەکاندا تایبەتمەندە بۆ دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی. وەکو (نەمسا و هیندستان و مالیزیا). بەڵام لە (ئوسترالیادا) قەرزی گشتی بە هاوبەشی و لە ڕێگەی ئەنجومەنی قەرزی نێوان حکومەتەکانەوە هەماهەنگ دەکرێن. لە زۆربەی دەوڵەتانی فیدراڵیدا قەرزە گشتیەکان بە تایبەتی قەرزە دەرەکیەکان لە ئەستۆی دەوڵەتانی فیدراڵین و قەرزە ناوەخۆییەکانیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشکانن. سەبارەت بە عێراق بە پێی ماددەی 110 ی دەستور قەرزکردن لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵییە[2].

قەرز ساڵانە بەشێکی زۆر لە داهات و خەرجیەکانی عێراق پێك دەهێنێت بە جۆرێك ساڵانە عێراق قەرزێکی زۆر دەکات بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان و بڕێکی زۆریش تەرخان دەکات بۆ دانەوەی قەرزەکان و سوی سەر قەرزەکان. وە ئەم پرسەش بەشێکە لە ناکۆکی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، لەبەر ئەوەی هەرێم پێی وایە لە هەموو بارێکدا مافی سود مەندبونی لە قەرزەکان هەیە، بەڵام حکومەتی فیدڕالی هەموو بابەتەکان دەبەستێتەوە بە ڕادەستکردنەوەو نە کردنەوەی داهاتە فیدراڵییەکان. قەرزەکانی سەر عێراق لە تەرخانی خەرجیە سیادییەکان دەدرێنەوە، واتا پێش هەژمارکردنی پشکی هەرێم لە بوودجە بڕێك راستەوخۆ تەرخان دەکرێت بۆ دانەوەی قەرزەکان، بەمەش ڕاستەوخۆ پێش پرۆسەی دابەشکاری لە پشکی هەرێمیش دەبڕدرێت. واتا هەرێم لە ڕێگەی تەرخانکراوەکانی بوودجەی سیادییەوە بەشدارە لە دانەوەی قەرزەکان[3].

لە عێراقدا دەسەڵاتەکانی قەرزی گشتی و سیاسەتی نەختینەیی و بەکارهێنانی یەدەگی دراو لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکانن. بەڵام یەکێك لە پرەنسیپەکانی فیدراڵییەت و پێکهێنانی ئاستە جیاوازەکانی حوکم و یەکە پێکهێنەرەکان لە دەوڵەتانی فیدراڵی ئەوەیە: کاتێك هەرێمەکان دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی قەرز و دارایی و سیاسەتی نەختینەیی دەبن بۆ حکومەتی فیدراڵی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە حکومەتی فیدراڵی هی هەمووانەو دەبێت ئەو دەسەڵات و ئیمتیازاتانە بە هاوسەنگی و بۆ بەرژەوەندی هەمووان بەکار بهێنێت، بەڵام حکومەتی فیدراڵی عێراق ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ پرسی قەرزو یەدەگی نەختینەی ناکات[4]. هەرچەندە بە پێی ماددەی 106 دەستور دەبێت دەستەیەك پێك بهێنرێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە سودمەند بوونی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك لە کۆمەك و یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتیەکان، بەڵام هەرێمی کوردستان لە هیچ بارێك لە قەرزەکانی حکومەتی فیدراڵی سوودمەند نەبووە[5].

---

1 صباح صابر محمد خۆشناو، زانستی دارایی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نوسینگەی تفسیر، هەولێر 2016.ل 193.

2 رونالد ل. واتس، الانضمة الفدراليه، ترجمة: غالي برهومة و مها بسطامي،منتدى الاتحاد الفدرالية،طبعه خاصة اوتاوا، كندا ، 2006، ص55.


3جیهانطير صديق کوڵپی، پەیوەندیە داراییەکانی هەرێم و بەغدا، سەرچاوەی پێشوو، ل 19-20.

4 جهانگیر صدیق احمد، چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان، پاساو بەربەستەکان لە (2005-2019)، مجله الدراسات السياسية والامنية، مجلد(4) عدد (8) كانون الاول 2021،ل20.

5 ماددەی 106 دەستوری کۆماری عێراق.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارانەی حکومەتی فیدڕالی لە ساڵی 2015 یاسای ژمارە 7 ی دەرکرد بۆ ڕاکیشانی سەرمایە لە پێناو پاڵپشتیکردنی باری دارایی هەرێمی کوردستان و بەردەوامی پرۆسەی گەشەپێدان و پێشخستن بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەستە بەر دەکات. لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایە هاتووە،کە ئەنجومەنی وەزیران تخویل دەکرێت بە ڕاکێشانی مایە لە سەرچاوەی یاسایی و دارایی پاك لە ڕێگەی قەرزکردن بە مەرجێك بە بەهایەك کەوا هیچ کاتێك زیاتر نەبێت لە (5.000.000.000) دۆلاری ئەمریکی[1]. بە پشت بەستن بەم یاسایە حکومەتی هەرێم چەندین قەرزی کردووە، ئەمەش جگە لە قورسترکردنی باری ئابووری هەرێم بۆتە خاڵێکی تری ناکۆکی لە نێوانیان، بەتایبەتی دوای بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدڕالی لەساڵی 2014 و شەڕی داعش 2017 و دابەزینی نرخی بەرچاوی نەوت لە 2020و هاتنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا[2]. تا ساڵی 2021 کۆی گشتی قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر هەرێم گەیشتە سەرووی (31.637.000.000) دۆلار بە جۆریك تەنها لە ماوەی سالانی (2014-2021) بڕی قەرزەکان لە (2.800.000.000) دۆلار بەرز بۆتەوە بۆ (31.637.000.000) دۆلار واتا تەنها لەو حەوت ساڵەدا (28.837.000.000) قەبارەی قەرزەکان زیادی کردووە. لە ساڵی 2024 گەیشتۆتە (34.461.427.480) دۆلار. لە خوارەوە بڕ و ڕێژەی قەرزەکانی حکومەتی هەرێم خراوەتە ڕوو[3].




چارتی ژمارە (1)ڕێژەی زیادبوونی قەرزی هەرێمی کوردستان بە دۆلار[4].


1 یاسای ژماری 7 ی ساڵی 2015 یاسای ڕاکێشانی سەرمایە، پەرلەمانی کوردستان.

2جهانگیر صدیق احمد، چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل 96.

3 دامەزرەوە میدیای دراو، قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم ، 2024/2/13، بەرواری سەردانی کردن، 2025/5/12، بەستەر https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14666

4 https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14666

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X




چارتی ژمارە (2) دابەشکاری قەرزەکانی سەر هەرێم وەرگیراوە لە دراو میدیا.[1]

## بەشی سێیەم: لێکەوتەی ناکۆکییە ئابوورییەکان لەسەر سەقامگیری سیاسی لەهەرێمی کوردستان

پەیوەندی و کاریگەریی هاوبەشی نێوان هۆکارە ئابوورییەکان و سەقامگیری سیاسی سروشتێکی ئاڵۆزی هەیە. ڕەنگە کاریگەرییەکانی ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و لە کورتخایەن یان درێژخایەندا دەربکەون. بوژانەوەی ئابووری وڵاتێک پارمەتیدەرە بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمی سیاسی تێیدا، لە کاتێکدا کێشە ئابوورییەکان کاریگەری نەرێنی دادەنێن لەسەر پلەی قبوڵکردنی خەڵک بۆ ئەو سیستەمە حوکمڕانانەی کە لە وڵاتەکەیاندا زاڵن. بەشێوەیەکی گشتی هۆکارە ئابوورییەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسەقامگیری سیاسی.

### (1-3) زیادبوونی توندوتیژی و خۆپێشاندانەکان و بایکۆتی دەوامی فەرمانگەکان

لە دوای ساڵی 2014 دوای دروستبوونی قەیرانی دارایی حکومەتی هەرێم لە جیاتی کەمکردنەوەی خەرجییە سیادییەکان، خۆ دوور خستنەوە لە خەرجییە زیادی و نا پێویستەکان، ڕێکخستنەوەی چۆنیەتی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سەرمایەگوزاری لەسەر بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان لە ناوخۆی وڵاتدا، کە هەم دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دەستی کاری سەربەخۆ و هەمیش کەمکردنەوەی گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەسەر حکوومەت. بەڵام حکوومەت وەک پێویست بەرنامەی بۆ ئەم ڕێکارانە نەگرتە بەر، تەنیا بڕین و پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران نەبێت.[2] کەوا لە (10% بۆ 75%) بە پێی پلەی وەزیفی مووچەی پاشەکەوت کرد جگە لە دابەشنەکردنی چەندین مووچە، ئەمەش چەندین ناڕەزای و خۆپیشاندانی لێکەوتەوە و دەنگی ناڕەزای لە شەقامی شارەکانی کوردستان بەرز کردەوە، ئەمە کاریگەری زۆری لەسەر سەقامگیری دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوخۆیی هەرێم و دامەزراوەکان دروست کرد[3]. لە ساڵی 2016 بەهۆی دواکەوتنی مووچەو پاشەکەوتکردنی لە شارەکانی هەرێم چەندین خۆپیشاندان کرا، داوای سەرەکی خۆ پیشاندەرانیش لادانی پاشەکەوت و پێدانی مووچە لەکاتی خۆی بوو، داوای ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدایان لەسەر پرسی مووچەو بوودجە دەکرد هوتافەکانیان بە زمانی کوردی و عەرەبی بەرز دەکردەوە کە واتای ڕووی داواکاریان لە

---

[1] https://drive.google.com/file/d/1MCkTMAd7X_GYZPsJn6uLB-99ELAOa-AG/view

2 هیوا مەجید خلیل، پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی ناوچەکە، پێگەی ئەلیکترۆنی شرۆڤە، 2024/2/17، بەرواری سەردانی کردن، 2024/5/16، بەستەر، https://zedpress.krd/political/9774/

3د.خيرى ابراهيم مراد،استقطاع جبرى لرواتب موظفى اقليم كوردستان العراق – الاسباب والحلول,مجلة الحقوق، جامعة الكويت، عدد 1، 2024،ص ل 463.

هەردوولابوو[1]. ئەمە بووە هۆكاری دروستبوونی ئاڵۆزی و تەقەكردن بەڕووی خۆپیشاندەران و چەندین قوربانی لێكەوتەوە[2]. دواتر بەردەوامی ئەم خۆپیشاندانانە بە تایبەتی ساڵی (2020-2021) زۆربەی ئەوانەی ڕژانە سەر شەقامەكان لە توێژی گەنجان بوون، دوای دەربڕینی ناڕەزای خۆپیشاندانەكانی فەرمانبەرانی كەرتی گشتی و بەشداری ژمارەیەكی بەرچاوی گەنجانیش تێدا بەدی دەكرا كە فەرمانبەر نەبوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ناڕەزای و خۆپیشاندانەكان تایبەت نەبوون بە فەرمانبەرو مووچە خۆران بەڵكو تەواوی چینەكانی كۆمەڵگای گرتبووەوە، چونكە بەشداری گەنجان لەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانە بەهۆی نەدانی مووچە نەبوو، بەڵكو بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی بێكاری و دابەشبوونی نا یەكسانی داهات[3] و بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاری بوو بەجۆرێك لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 بۆ 6% بەرزبووەوە لە دوای ساڵی 2014 ئەم ڕێژەیە بۆ 12.5% بەرز بۆوە[4].

لێرەدا هاوڵاتیان پێیان وابوو حكومەت هیچ بەرنامەیەكی نیە بۆ چارەسەركردنی قەیرانی ئابووری، لەكاتێكدا كە حكومەت بەڵێنی خۆشگوزەرانی زۆری بە هاوڵاتیان دابوو لەڕێگەی ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆ [5]. سەرەڕای بەردەوامی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەكان بایكۆتی دەوامی فەرمانگە حكومیەكانشی گرتەوە بە تایبەت لە سنووری سلێمانی چەندین قوتابخانە و فەرمانگە بایكۆتی دەوامی فەرمانگەكانیان كرد، لە مانگی 1/ 2025 جگە لە بایكۆت بەشێكی مامۆستایانی پارێزگای سلێمانی مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند لەبەردەم نوسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان لە سلێمانی، لە دژی دواكەوتن و نەدانی مووچە كانیان، سەرەڕای تێكچونی بارودۆخیان، وەرگرتنی چارەسەری پزیشكیشان ڕەتكردووە، ئەمەش دەنگدانەوەیەكی زۆری دروست كرد، هەر یەك لە نەتەوە یەكگرتووەكان، حكومەتی هەرێم، حكومەتی فیدراڵی، سەرۆكی هەرێمی هێنایە سەر هێڵ، بەڵام هیچ دەرئەنجامێكی نەبوو بەڵكو بگرە بووە هۆی زیادبوونی ناكۆكی نێوان لایەنە سیاسیەكانیش لەسەر ئەو بابەتە[6].

بەردەوامی ئەم دۆخە وایكردووە خێزانەكان نەتوانن تەنانەت هیچ پلانێكی خۆشگوزەرانی دابنێن بەهۆی نا دڵنیایی لە نەهاتنی مووچەكانیان، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ خراپتربوونی بارودۆخی ئابووری، دروستبونی قەیرانە ئابوورییەكان، بێكاری، ناسەقامگیری بەردەوام، ناكۆكی لەسەر تەرخانكردنی شایستە داراییەكانی هەرێم لە لایەن حكومەتی فیدراڵی، دۆخێكی نا دڵنیایی توندی بۆ هاوڵاتیان دروستكردووە، لەوانەش دروستبوونی خەمۆكی و دڵەڕاوكێ و ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و خراپی كوالێتی ژیان و زیادبوونی كۆچكردن و هەوڵی خۆكوشتن، جگە لەوەی سەدان گەنجی دەرچووی زانكۆو پەیمانگاكان بێكار ماونەتەوە، بە تایبەتی لە شارە بچوك و دوورە دەستەكان، كە بونەتە سەرچاوە بۆ كۆچی دانیشتوانی هەرێم، بۆیە ئەم بارودۆخە داراییە نەك هەر بۆتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی بە تەنیا بەڵكو كاریگەری

---

1ڕاوێژ محمد، تضظاهرات احتتاجیة باقلیم كوردستان ضد الادخار الاجباری فی الرواتب, باس نیوز. 2018/3/25, تاریخ الزیارة 2025/5/1, الرابط https://www.basnews.com/ar/babat/424702

2محمد رەئوف،17 شوبات لە زەمەنی نائومێدیا، دراو میدیا،2019/2/17، بەرواری سەردنی كردن 2025/5/8، بەستەر، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=3200.

3 سەرجان چالشكان و یوسف جان ئایاز،وەرگێڕان: ڕەنجە عبداللە، هەرێمی كوردستانی عێراق لە 2021داو چاوەڕوانیەكان بۆ ساڵی2022، گۆڤاری ئایندە ناسی،ژمارە 13ی ساڵی سێیەم، حوزەیرانی 2022، ل 92-93.

4 محسن حسن محمد ، احمد سلیمان صفار،أمیرخاس عارف طاهر، السیاسة المالیة و دوروها فی معالجة الازمة المالیة والاقتصادیة فی اقلیم كوردستان، مجلة الاكادیمیة جامعة نوروز، پ.13.ژ1، 2024،ص 1136.

5موقع : الوقت التحليلي الاخباري، خلف الفساد والازمة الاقتصادية في كردستان العراق، احتجاجات طلابية وسط مقاطعة اعلامية غربية، تاريخ النشر: 2021/11/29، الرابط: https://apa-inter.com/post.php?id=3133 .

6دەنگی ئەمریكا، مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانی لە نێوان پاڵپشتی كردن و تەخوین كردن دا، 2025/2/3، بەرواری سەردانی كردن،2025/5/15، بەستەر https://www.dengiamerika.com/a/7961384.html

کردۆتە سەر لایەنی دەروونی هاوڵاتیان و تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە[1]. لەمر قەیران و ناکۆکیانەی نێوان هەرێم و بەغدا فەرمانبەران زۆرترین قورسایی قەیرانی ئابوورییان بەرکەوتووە[2]. بەڵام کاریگەرییەکەی درێژ بۆتەوە بۆ سەر تەواوی هاوڵاتیان و کۆمەڵگا، هەروەها ئاستەنگەکانی حکومەت لە بەڕێوەبردنی قەیرانە داراییەکان زیاتر بووەو توانای ڕوبەڕووبونەوەی لاواز بووە[3].

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کەمر توانای حکومەت و دروستبوونی ئەمر دۆخە ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری مووچەخۆر لە دامر و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمن، کە بە بێکاری ڕوپۆشکراو ناو دەبرێت. بە بێ هەڵسەنگاندنی بنەمای زانستی و پلان دانراون و ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێم زیاتر لە (1.200.000) مووچەخۆرە[4]. کە دەکاتە (18.5%) کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێم بە پێی کۆتا سەرژمێری ساڵی 2024. لە کاتێکدا بە پێی ستانداردی بانکی ناوەندی ئەمر ڕێژەیە لە (12%) نابێت زیاتر بێت. ئەمانە لەگەڵ دواکەوتن یاخود نەهاتنی مووچە بایکۆتی دەوامر و دامر و دەزگاکانیان کردووە، بەمەش سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێم بەهۆیەوە توشی چەندین ئاستەنگ بووە.

| ساڵ | مووچەی نەدراو | مووچە بە پاشەکەوت15%-75% |
|---|---|---|
| 2015 | 4 | 0 |
| 2016 | 0 | 12 |
| 2017 | 1 | 11 |
| 2018 | 0 | 11 |
| 2019 | 0 | 0 |
| 2020 | 7 | 4 |
| 2021 | 0 | 6 |
| 2022 | 0 | 0 |
| 2023 | 3 | 0 |
| 2024 | 1 | 0 |
| کۆی گشتی | 16 | 44 |

خشتەی ژمارە(3) مووچە نەدراو و پاشەکەوتکراوەکانی فەرمانبەران، وەرگیراوە لە وەزارەتی دارای و ئابوری هەرێمی کوردستان

1لاجان محمد عوسمان، قەیرانی دارایی و ناسەقامگیری تەندروستی دەرونی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەڕی خەندان، 2024/11/23، بەرواری سەردانی کردن 2025/5/3، بەستەر ، https://www.xendan.org/detailwtar/7124 .

2روشن قاسم، استمرار التظاهرات الاحتجاجية بجنوب كردستان واعتقالات في أربيل، تاريخ النشر: 2018/3/26، الرابط: https://shorturl.at/hQ7rx .

3سلام محمد العبودى, الاستقطاع من الرواتب و صناع الفوضى، الموقع الكتابات، 2025/5/11، تاريخ الزيارة، 2025/5/11, الرابط. https://shorturl.at/iKFdy

4 بارام سوبحی، بێکاری شاراوە و بندیواریی: مۆتەکەی یاسای چاکسازی، گۆڤاری ئایندە ناس ، ژمارە 2، سلێمانی، تەمموزی 2020، ل146.

### (2-3) کەمبوونەوەی متمانە، بەشداری سیاسی

لە دوای ساڵی 2014 هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی قووڵی لاوازی متمانەیی سیاسی و ئابووری دەژی، ئەمەش لە نەبوونی متمانە بە دامودەزگا ئیداری و سیاسی و یاساییەکانی هەرێمدا دەردەکەوێت. پرسی بێ متمانەیی سیاسی لەگەڵ قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستاندا چووەتە قۆناغێکی مەترسیدار. ئەو سیاسەتمەدار و دامودەزگایانەی کە سەردەمانێک متمانە و هیوای هاووڵاتیانیان بوون، ساڵانێکە ڕووبەڕووی لەدەستدانی متمانە بوونەتەوە، بەجۆرێک کە هەموو دامودەزگاکان لەژێر هەڕەشەی ئەم قەیرانەدان[1]. لەگەڵ قوڵبونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و بڕینی بوودجەی هەرێم حکومەت هیچ پلان و بەرنامەیەکی وای نەبووە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەم بارودۆخە کە دەبوایە لەڕێی کەمکردنەوەی خەرجی گشتی و سیادی، بنبڕکردنی گەندەڵی و یەکسانی و دادپەروەری لە داهات ...، بکردبایە. ئەمەش دەکرێت لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی بێت. یەکەم: ڕادەیەکی زۆری ناشەفافیەت لە بواری دارایی هەرێم، کە دەکرێت جۆرێک لە نامتمانەیی لە نێوان هاووڵاتی و حکوومەت دروست بکات. دووەم: هەندێک لە پارتەکانی دەسەڵات، لە ماوەی ڕابردوودا بە تایبەتیش لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی زۆر گەورەیان بە هاووڵاتییان داوە، کە بەڵێنەکان لە ئاست دەسەڵاتی ئەم پارتانەدا نەبوو بێت، ئەمەش کار دەکاتە سەر متمانەی نێوان حکوومەت و خەڵک. سێیەم: جۆرە کێشمەکێشمەکی ناوخۆیی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی هەرێمدا بەدی دەکرێت کە دەبێتە هۆی پەککەوتنی دامەزراوەکانی حکوومەت[2].

بەردەوامی ناکۆکییە ئابووریەکانی نێوان هەردوولا ڕەهەندە سیاسی و ئابوورییەکانی تێپەڕاندووە، کاریگەرییەکانی درێژبۆتەوە بۆ سەر تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگا، هاتنی مووچە بە پچڕ پچڕی بۆتە هۆی سەختی بازنەی ژیان لە کوردستان، بەپێی ڕاپرسیەکی ناوەندی لێکۆڵینەوە و ڕاپرسی سبەی لە مانگی(2023/11) ئەنجامدراوە لەسەر (1.017) مووچە خۆر، دەرکەوتووە کە (93.2%) بەشداربوان پێیان وایە توشی دواکەوتنی مووچە بوونە کە ئەمەش بەڵگەی بەرفراونی ئەم پرسەیە. وە (67.3%) بەهۆی نەدانی مووچە توشی قەرزکردن بوون و فشاری دارایی توندیان کەوتۆتە سەر، لە (31.3%) پێیان وایە نەدانی مووچە کاریگەری کردۆتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەسیەکان، لە (49.66) ڕایانگەیاندووە بەهۆی نەدانی مووچە توانای دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانیان نیە وەك: خۆراك ، کرێی خانوو، چارەسەری تەندروستی. بەهۆی ئەمانەوە (57%) بەشداربوان متمانەیان بە دامەزراوەکانی حکومەت کەمبۆتەوە. ڕێژەی (41.6%)یان متمانەیان بە هەریەکە لە حکومەتی هەرێم و (50.3%) بە حکومەتی بەغدا نیە لە چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە[3]. دەرئەنجامێکی تری ناکۆکی ئابووری نێوان هەردوولا زیادبوونی ڕێژەی گەندەڵیە بە جۆرێك کەوا (80%) هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەهۆی زۆری گەندەڵی لە دامر و دەزگاکانی حکومەت متمانەیان بە سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکان نیە، واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان گەندەڵی و نەبونی متمانەی سیاسی هەیە، هەر کاتێك گەندەڵی زیاد بوبێت نەمانی متمانەش زیادبووە، گرفتی هەرێم ئەوەیە کەوا خزمەتگوزاری گشتی وەك پێویست نیەو لە هەمان کاتدا گەندەڵیش زۆرە[4].

تێکڕای ئەمانە کاریگەری زۆری لەسەر بەشداری سیاسی کردووەو بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بەڕێژەی بەرچاو کەمی کردووە بە تایبەتی دوای ساڵی 2014، و دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و هۆکار گەلێکی یەکجار زۆری تر

[1] Sbey Research team, The Impact of delayed salary payments on employees in the Kurdistan Region of Iraq, 15/11/2024, last vivist 2/6/2025, link https://www.sbeyresearch.com/researches/13?utm_source=chatgpt.com%3E

2 هیوا مەجید خلیل، سەرچاوەی پێشوو.

[3] Sbey Research, The Impact delayed salary payments on employees in the Kurdistan region of Iraq (An impact assessment study), November 2023, p 7-8.

4بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی صلاح الدین- هەولێر، 2020، ل161-166.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی بێمتمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان. چەقبەستووی سیستمی سیاسی و ئاڵوگۆڕییە کارتۆنیەکانی دەسەڵات، دەوڵەمەندبوونی پارت و کاندیدەکان لە سەر حسابی بودجەی گشتی، کەمبونەوەی داهات، بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی قەیرانەکان و چارەسەر نەکردنیان، نادادپەروەری لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، چارەسەنەکردن و چەقبەستووی کێشەو ناکۆکییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق لە هۆکارە سەرەکیەکانن[1]. لێرەدا دەردرەکەوێت باری ئابووری هاوڵاتیان دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر زیاد و کەمی متمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی[2].

## (3-3) کەمبوونەوەی متمانە بە کارو ئەدای دامەزراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی

خزمەتگوزارییە گشتییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاریە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا (بەکارهێنەران) رێکخراوە: لە ڕووی سروشتی چالاکیەکانەوە خزمەتگوزاریەکان بەمشێوەیە پۆلێن دەکرێن:

1- خزمەتگوزاری کارگێڕی: ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە بە بەربڵاوترین دادەنرێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان دامەزراوە گشتییە کارگێڕییەکانەوە دابین دەکرێت .
2- خزمەتگوزاری ئابووری: بەهۆی گەشەسەندنی ئابووری بەرچاو، ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە سەریهەڵداوە و یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانیان .
3- خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان: دامەزراوە گشتییەکان ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە پێشکەش بە تاکەکان دەکەن و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە، وەک خزمەتگوزاری تەندروستی[3].

ئەم خزمەتگوزاریانەی لە سەرەوە باسکران، لە دوای ساڵی 2014 لە هەرێم بە تەواوی هەست بە پاشەکشەیان کراوە. لە ساڵی 2014ەوە ئابووری کوردستان کەوتۆتە ناو قەیرانێکی قووڵەوە، لەم هەلومەرجەدا نەبونی بوودجە بۆتەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ئابووری هەرێم و بەتاڵی خەزێنەی حکومەت. ئەمە وایکردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەکانی خزمەتگوزاری گشتی بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕابگرێت و تەنانەت توانای پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی بە ڕێکوپێکی نەبێت. ئەمەش نیگەرانی و نارەزایی لای هاوڵاتیانی لێکەوتووەتەوە[4]. وایکردووە متمانەی هاوڵاتیان بە هێز و کارو ئەدای دامەزراوەکان پاشەکشە بکات لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان، بە پێی ڕاپرسییەکان لە کەرتی تەندروستی (48%) هاوڵاتیان متمانەیان بەم کەرتە نیە. لە کەرتی پەروەردە سەرەڕای ئەوەی خوێندن لە گشت قۆناغەکان بەخۆڕاییە و سەرەڕای دابینکردنی بەشە ناوەخۆیی و چەندین خزمەتگوزاری تر، بەڵام هێشتا متمانە بەم کەرتە لە پاشەکشە بووە بەتایبەتی دوای بایکۆتی مامۆستایان و وەستانی پرۆسەی خوێندن بەهۆی نەدانی مووچە. وە متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەت لە دابینکردنی کارەبا زۆر کەم بووە بە جۆرێك (65%) هاوڵایان نارازین. وە (68%) خەڵك متمانەیان بە سیاسەتەکانی حکومەت نیە لە سیاسەتەکانی کەمکردنەوەی بێکاری. لە ڕووی وەبەرهێنان (77%) هاوڵاتیان متمانەیان بە هێزی حکومەت نیە لە پاراستنی مافە یاسایی و ڕەواکانیان بەرامبەر کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە کەرتی خانوبەرە. ڕەنگە هۆکارەکان بۆ بێبەرنامەی حکوومەت لە گەشەپێدانی سیستمی خزمەتگوزارییەکان و لێك تێنەگەیشتنی هاوڵایان و

---

1 دامەزراوەی میدیای دراو، بارگرانی لێکەوتەکانی ئابوری سەربەخۆ لەڕووی (یاسایی، دارایی و ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی)یەوە، سلێمانی 2023، ل64.

2جلال ئەحمەد، سیاسەت و کۆمەڵگە لەباشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، 2020، ل 259.

3اسعد محمد علی وهاب و ضحی کمال عبدالکریم و سارة صباح کامل، دور الرقابة الداخلية في تقويم اداء خدمات المؤسسات الحكومية، مجلة بحوث متقدمة في الاقتصاد واستراتيجيات الاعمال، المجلد 3، العدد1، 2022 ، ص 90.

4 موقع : الوقت التحليلي الاخباري، خلف الفساد والازمة الاقتصادية في كردستان العراق، احتجاجات طلابية وسط مقاطعة اعلامية غربية، تاريخ النشر: 2021/11/29، الرابط: https://apa-inter.com/post.php?id=3133

حکومەت لە خزمەتگوزارییەکان بگەڕێتەوە و ئەو خزمەتگوزاریانەشی کەوا هەن نەتوانن ببنە هۆی هێنانەکایەی دەوڵەتی خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان[1].

یەکێکی تر لە دەرهاویشتە ئابووریەکانی دۆخی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان دەکرێت بریتی بێت لە کەمبوونەوەی متمانە بە سیستەمی دارایی و بێبەهاکردنی سەرجەم ئەو پلان و ستراتیژیانەی کە لەماوەکانی ڕابردوو داڕێژراون بەمەبەستی پەرەپیدانی ئابووری لە هەرێمدا، کە هەندێکجار وەکو ڕیفۆرم لەلایەن حکومەتەوە نیشاندەدرێت. کاتێک دۆخی ئابووری بە ئاڕاستەیەکی نا تەندروست دەڕوات، متمانەی هاوڵاتیان بە دەسەڵات و دامەزراوەکان کەمدەبێتەوە و لە ئێستاشدا ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی دەبینرێت، هاوڵاتیان بڕوایان بەو چاکسازی و سیاسەتە ئابووریانە نەماوە کە حکومەت ناوبەناو دەیانخاتە ڕوو. هاوڵاتیان هەوڵ دەدەن پارێزگاری لەو بڕە پارەیە بکەن کە وەکو کاش هەیانە، بەمەش پرۆسەی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕدا لاواز بووە و توانای کڕینی هاوڵاتیان تا ئاستێکی زۆر کەمبۆتەوە. کاتێک توانای کڕین کەمدەبێت، دۆخی ئابووری شڵەژانی زۆر کاریگەر بەخۆیەوە دەبینێت، بەرهەمی ناوخۆ کە بەیەکێک لە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی گەشەی ئابووری دادەنرێت شانبەشانی داهاتی تاک کەمدەبنەوە[2]. لە لایەکی تر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ناجێگری سیاسیی و ململانێی حیزبی و ناشەفافیەت وایکردووە هەرێم بە بێ پڕۆژە یاسای بودجە کارەکانی بکات، ئەمەش لەسادەترین نموونەیدا پچرانی سەرەتاییترین پەیوەندی نێوان دامودەزگاکانی حکومەتە لەگەڵ یەکتر، و دەبێتە هۆی لاوازی دامەزراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ئەمەش سەر دەکێشت بۆ کەمبوونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە دامو دەزگاکان[3].

### (4-3) زیادبوونی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان

ناکۆکییە ئابوریەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم و دروست بوونی قەیرانی دارایی بەشدارییەکی کاریگەری هەبووە لەسەر دروست بوونی ململانێی نێوان لایەنە سیاسیەکان و ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، بە تایبەتی لەسەر بابەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و زیاد و کەمی دەسەڵاتەکانیان و پرسی دابەش کردن و نەکردنی مووچەو چەندین پرسی تر. دوای ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵی، دژیەکیەکی زۆر لە گوتارو سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەبوو، بۆ نموونە پافل تالەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابوری لە شاری هەولێر لە (2023/3/1) ڕایگەیاند: ئێمە ئامادەین لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوین، بەڵام لایەنێك نایەوێت. وە باسی لەوەش کرد بەغدا دامەزراوەی فەرمی خۆی هەیە و هەر دامەزراوەیەك ئەرکی خۆی ڕای دەکات. لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی پێداگرە لەسەر لامەرکەزیەت لە دۆسیەی نەوتدا بە مافی دەستوری هەرێمی کوردستانی دەزانێت. چونکە پێشتر سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی هەرێم (مسعود بارزانی) بڕیاری دادگای فیدراڵی دەربارەی ڕاگرتنی نەوتی هەرێم بە هاوشێوەی بڕیارەکانی (دادگای شۆڕش)ی سەردەمی حزبی بەعس ناو بردبوو[4].

دواتر ناکۆکییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشمانی کوردستان گەیشتە ئاستی ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای لا مەرکەزی بۆ ئیدارەی سلێمانی بکات. بەم کارەی یەکێتی دەیهەویست بەغدا بە جیا مووچەی

---

1بارزان جوهر صادق، هەرەشە ناوەخۆیەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.مجلة الدراسات السياسية والامنية، مجلد3،عدد6، كانون الاول/2020، ل 169-173.

2لاجان محەمەد عوسمان، ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریەکانی لەسەر دۆخی ئابوور، سەرچاوەی پێشوو.

3 کاروان حمەصالح، ڕۆڵ و کاریگەری ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا، دامەزراوەی میدیای دراو، 2022/7/2، بەروای سەردانی کردن، 2025/5/1، بەستەر، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10591.

4 یاسین تەها، لێکەوتەی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر پێگەی هەرێم لە بەغدا، دامەزراوەی میدیای دراو، 2025/3/25، بەرواری سەردانی کردن 2025/6/14، بەستەر، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12420

فەرمانبەرانی سلێمانی بنێرێت و ڕاستەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو پارێزگایە بکات، ئەویش بە بەکارهێنانی کارتی ئەو غازەی لەبەر دەستی بووە، چونکە یەدەگی غاز زۆربەی کەوتۆتە ژێر سنوری دەسەڵاتی یەکێتی کە بە نزیکەی (15.846.000.000.000) پێ سێجا دەخەملێنرێت، لە کاتێکدا لە سنوری دەسەڵاتی پارتی بە (12.740.000.000.000) پێ سێجا دەخەملێنرێت، لە ئێستادا زۆربەی غازی هەرێم لە سنوری چەمچەمال بەرهەم دەهێنرێت[1]. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار پارێزگای سلێمانی ویستیان وەفد بنێرنە بەغداو بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ بەغدا ڕێکەوتن بکەن، بەڵام لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بە تەواوی و بە نوسراوی فەرمی ڕێگری لەم بابەتە کرا کەوا ناکرێت حکومەتی فیدڕاڵی جگە لە حکومەتی هەرێم مامەڵە لەگەڵ هیچ حزب و لایەنێك بکات. ئەمەش هەمیشە لە لایەن لایەنەکان بە تایبەتی یەکێتی ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە کەوا نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەغدا تەنها نوێنەرایەتی پارتی دەکات نەك لایەنەکانی تر[2]. دوای قوڵبونەوەی زیاتری ناکۆکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆبونەوەی هەفتانەی ئەنجوومەنی وەزیران لە (10/26 و 2022/11/9) قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و تیمی یەکێتی لە حکومەت بایکۆتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمیان کرد بە هۆکاری ئەوەی تیمی یەکێتی لە حکومەت پێی وابوو کەوا دەسەڵاتی ئەتۆیان بەسەر ئەو دامەزراوانە نیە کە تێیدا بەرپرسن. ئەم دۆخەش تاوەکو سەرەتاکانی 2023 درێژەی کێشا[3]. ئەمەش دابڕانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە کاری پێکەوەی هەردوو پارتی حوکمڕان لە هەرێم. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کەوا عێراق خەریکی تێپەڕاندنی بودجەی سێ ساڵەی (2023،2024،2025) بوو، کە بە گوێرەی کارنامەکەی سەرۆك وەزیران سودانی زۆر پرس و دۆسیەی تایبەت بە کورد هەبوون گفتو گۆیان لەسەر بکرێت لەوانە: نەوت، دادگای فیدڕاڵی، ئەنجومەنی فیدڕاڵی، ماددەی 140... هتد[4].

لە لایەکی تر ئەم ململانێیانە کاریگەری زۆریان لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت هەیە لەسەر گشت ناوچەکان، بۆ نموونە لە ڕابردوو دوو بانکی ناوەندی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی هەبوو، لە ساڵی 2016 حکومەتی عێراقی بڕیاریدا بە فەرمی بانکی ناوەندی خۆی لە هەرێم بکاتەوە، لە ساڵی 2017 بانکی ناوەندی هەرێم لقی هەولێر هەڵوەشایەوە، بانکی ناوەندی عێراق / لقی هەولێر کرایەوە، ئەم بڕیارە بۆ سلێمانیش بوو بەڵام ئیدارەی سلێمانی پابەند نەبوو بانکی هەرێمی لقی سلێمانی هەڵنەوەشاندەوە و هەر بەردەوام بووە، وە هەموو داهاتە نانەوتیەکانی سنوری سلێمانی بۆ ئەو بانکە دەگەڕێتەوە نەوەك وەزارەتی دارایی حکومەت، بەمەش گرفت لە نێوان وەزارەتی دارایی هەرێم ئەم بانکە دروست بوو، لە کۆتایدا ئەنجوومەنی وەزیران لێژنەیەکی بۆ چارەسەر کردنی ئەم بابەتە و گرفتەکانی نەمانی پارەی نەختینەیە و داهاتی نانەوتی سنوری سلێمانی پێکهێنا[5]. یاخود نموونەیەکی تر پرۆسەی هەژماری من کە لە لایەن حکومەتی هەرێم دانرابوو لە لایەنی ئیدارەی سلیمانی و خودی سەرۆکی یەکێتی بە تەواوی ڕەتکرایەوە لە کاتێکدا لە سنوری ئیدارەی هەولێرو دهۆك

[1] فازل حەمە رفعت- محمد رەئوف، یەکێتی کارتی غاز بەرامبەر هەرێم بەرز دەکاتەوە،دامەزراوەی میدیای دراو، 2021/1/25، بەرواری سەردانی کردن، 2025/4/4، بەستەر https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7720.

[2] دراو میدیا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وەفد دەنێرێتە بەغدا، دراومیدیا،202/12/20، بەرواری سەردانی کردن 2025/5/7، بەستەر https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7419.

[3] سۆران حسین، قوباد تاڵەبانی و بەشێك لە وەیزرەکانی یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ناکەن، تۆڕی میدیای ڕووداو،2022/10/26، بەستەر https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/261020224?fbclid=IwAR2ymr4iYZSAE5-AwgXHJP_N2KupnIxclIGEI_Ir_H6D29RLrFhU9TOAwaA.

[4] یاسین تەها، لێکەوتەی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر پێگەی هەرێم لە بەغدا، سەرچاوەی پێشوو.

[5] دامەزراوەی میدیای دراو، بارگرانی و لێکەوتەکانی ئابوری سەربەخۆ لەڕووی (یاسایی، دارای و ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی) سلێمانی، 2023، ل47.

پرۆسەیەکی گشتگیر و کارپێکراو بوو، تەنانەت لە بانگەشەی هەڵبژاردنیش بە تەواوی وەکو دروشمی هەڵبژاردن بەرامبەر یەکتری بەکار دەهات[1].

ئەم قۆرخکاریەی دەسەڵات لە لایەن ئەم دوو لایەنە کشانەوەی لایەنێك کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی حکومەتە لە سنوری ئەو لایەنە، چونکە لە واقعدا ئەو کات دەسەڵات بۆ لایەنی یەکەمی ئەو سنورەیە وەکو حزب نەك وەکو حکومەت، ئەم تایبەتمەندییەش وادەکات هەرێم جیاواز بێت لە وڵاتەکانی تردا چونکە لە سیستەمە سیاسییە تەندروستەکاندا کشانەوەی هەر هێزێکی سیاسی لە کابینەی حکومەت ئاساییە، بەڵام لە هەرێم کشانەوەی لایەنێك دەبێتە هۆی پەکخستنی کارەکانی حکومەت لەسەر ئاستی کوردستان[2]. ململانێی سیاسی نێوان لایەنەکان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی هەڕەشەیەکی جددی و مەترسیدارە لەسەر جێگیر کردنی بڕیارو سیاسەت و ڕەوایەتی حکومەت، گرفت بۆ بڕیارەکانی حکومەتیش دروست دەکات، حکومەت بەهۆی ئەم بابەتەوە توشی ناسەقامگیری سیاسی و شپرزەیی سیاسی بووە، ئەمەش هەڕەشەی جددی لەسەر سەقامگیری سیاسی و دەمەزراوەکانی حکومەت دروست کردووە[3].

## (4) دەرئەنجام و پێشنیارەکان

### 4-1- دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەوە گەیشتین سەقامگیری سیاسی پەیوەستە بەتوانستی دامەزراوەیی حکومەت لەکۆکردنەوەی داهات و دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هاوڵاتیان لەلایەک و خەرجکردنی بە شێوەیەکی سیستماتیکی و لێزانانە بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە و وڵات لەلایەکی ترەوە. لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت کەوا ئەم ناکۆکیە ئابووریانەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق ئەم تواناایانەیان کەم کردۆتەوە ئەمەش بۆتە هۆی گرفت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی. چونکە ناکۆکی ئابووری نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم زادەی چەندین هۆکارە لە سەرەکیترینیان بوونی چەندین ماددەی دەستوری نا ڕوونە کە پێویستی بە دەرچوونی یاسا یاخود بە لێکدانەوەی ماددەکان هەیە، بۆیە هەر لایەنێکیان بە پێی بەرژەوەندی خۆیان لێکدانەوەی بۆ دەکەن، بە تایبەتی ماددەکانی 111 و 112 پەیوەست بە بەرهەمهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و بەڕێوەبردنیان، پرسی ڕادەستکردن و نەکردنی داهاتە نانەوتییەکان، لە خاڵە هەرە ناکۆکانن کەوا لە دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوت بە هۆکاری سەرەکی دادەندرێن لە نەناردنی بوودجەو مووچەی هەرێمی کوردستان، کەوا توانای ئابووری هەرێمی یەکجار لاواز کردوە. ئەمەش کاریگەری زۆری کردۆتە سەر سەقامگیری سیاسی. هەمیشە بۆتە هۆکاری دروست بوونی ناکۆکی توند لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لەسەر شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و شێوازی بەڕێوەبردن. وە توانای دامودەزگاکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریان زۆر کەمبۆتەوە، بەهۆی نەدانی مووچە چەندین خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری پشێوی دروست بووە، بایکۆتی دەوامی فەرمانگەو دامەزراوەکان بەردەوامە و بەهۆیەوە بەشێکی زۆری هاوڵاتیان لە خزمەتگوزاری دام و دەزگاکان بێبەش بوونە. بە تایبەتی قوتابیان زۆرترین زیانیان بەرکەوت بەهۆی ئەو ماوە زۆرەی مامۆستایان بایکۆتی دەوامی قوتابخانەکانیان کرد.لە لایەکی تر ناکۆکی پارتە سیاسییەکان قوڵتر بووەو بە جۆرێك قەوارەی سیاسی هەرێمی خستۆتە ژێر مەترسی. هەموو ئەمانەش کاریگەریان کردۆتە سەر پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێم چ لە ئاستی ناوەخۆ چ لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

### 4-2- پێشنیارەکان

- گەڕانەوەو کارکردن بە دەستور بە تایبەتی لەم ماددانەی پەیوەستن بە مافی هەرێم.

---

[1] نامۆ ئەحمەد سەلام، سەرنجێك لەسەر پرۆسەی تەوتین و هەژماری من،2024/10/26، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان 24، بەراواری سەردنی کردن 2025/5/10، بەستەر https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/807950.

[2] کارزان احمد عمر، ئاڵینگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی 2023، ، ل57.

[3] هەمان سەرچاوە، ل57.

- دامەزراندنی ئەنجوومەنی فیدراڵی پاڵپشت بە ماددەکانی (48) و (65) دەستوری عێراق، کەوا نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لە خۆ دەگرێت کە ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك. بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی نوێنەران.
- بە پێی ماددەی 105 دەستەیەکی گشتی پێکبهێنرێت بە مەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك، بۆ بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی فیدراڵی و زەمالەکانی خوێندن و شاندەکانی کۆنگرەی هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەم دەستەیش لە نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك پێك بێت.
- پاڵپشت بە ماددەی (106) دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دابمەزرێت، ئەم دەستەیشە لە پسپۆڕانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك پێك بێت ئەم لێپرسراویاتانەیان هەبێت:

دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادگەرانەی یارمەتی و کۆمەك و قەرزە نێودەوڵەتیەکان بە گوێرەی پشکی هەر یەکە لە هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك. دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە. دڵنیابوون لە هەبوونی شەفافیەت و دادپەروەری لە تەرخانکردنی پارەو پوڵ بۆ حکومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێك بە پێی ئەو ڕێژانەی بۆیان دیاریکراوە.

- دروست کردنی لێژنەیەکی پسپۆڕو شارەزای بواری ژمێریاری و یاسای بۆ دانوستان و گفتووگۆ لەگەڵ شاندەکانی حکومەتی فیدراڵی و پێداگری کردن لەسەر ئەم ماددە دەستوریانەی لە سەرەوە باس کراون. و بەرگریکردن لە مافە دەستوریەکانی هەرێم بە تایبەت لەسەر ئەو باباتانەی کە لە دادگای فیدراڵی سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە.
- چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەسەر ئاستی باڵای حکومەتی هەرێم و هێنانە سەر هێڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەنارده کردنەوەی نەوتی هەرێم و جێگیرکردنی بەشە بودجەی هەرێم لە بوودجەی گشتی فیدراڵی و تێکەڵ نەکردنیان بە ململانێیە سیاسیەکان.
- بەردەوامی و هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان.
- دروست بوونی یەك دەنگی و دانانی میکانیزمی پتەوی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و ناڕەزایەتییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە ناوخۆییەکان لە پێناو کارکردن بۆ جێگیری و سەقامگیری سیاسی و گەڕانەوەی متمانەی هاوڵاتیان.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە کوردی:

- جلال ئەحمەد، سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، 2020.
- صباح صابر محمد خۆشناو، زانستی دارایی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نوسینگەی تفسیر، هەولێر 2016.
- ڕێکخراوی ستۆپ، پشکی هەرێمی کوردستان لە یاسای بوودجەی عێراق، ناکۆکی و ئاڵنگارییەکان، راپۆرتی دەیەم، چاپخانەی کامبریج ، بڵاوکراوەکانی ڕیکخراوی ستۆپ، زنجیره (40) نۆڤیمبەری 2024.
- صالح عمر عیسی و پەروێز رەحیم قادر، ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەك نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (6) - ژمارە (4)، پایزی 2021، هەولێر.
- بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوەخۆیەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.مجلة الدراسات السیاسیة والامنیة، مجلد3،عدد6، کانون الاول/2020.

- دامەزراوەی میدیای دراو، بارگرانی لێکەوتەکانی ئابووری سەربەخۆ لەڕووی (یاسایی، دارایی و ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی)یەوە، سلێمانی 2023.
- جیهانگیر صدیق گولپی، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا، هۆکارەکانی ناسازی، سناریۆکانی ئایندە گۆڤاری ئایندە ناسی، ژمارە 5 ، کانونی یەکەمی 2021.
- جهانگير صديق احمد، چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، پاساو بەربەستەکان لە 2005-2019)، مجلە الدراسات السياسية والامنية، مجلد(4) عدد (8) كانون الاول 2021.
- سەرجان چالشکان و یوسف جان ئایاز،وەرگێڕان: ڕەنجە عبدالله، هەرێمی کوردستانی عێراق لە 2021داو چاوەڕوانیەکان بۆ ساڵی2022، گۆڤاری ئایندە ناسی،ژمارە 13ی ساڵی سێیەم، حوزەیرانی 2022.
- بارام سوبحی، بێکاری شاراوە، و بندیواریی: مۆتەکەی یاسای چاکسازی، گۆڤاری ئایندە ناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەیی ئایندەیی و ستراتیجی دەدات، ژمارە 2، سلێمانی، تەمموزی 2020.
- زریان ڕۆژهەڵاتی، ئەودیوی بودجە، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕوداو،12\6\2023.
- دامەزراوەی میدیای درەو، بارگرانی و لێکەوتەکانی ئابوری سەربەخۆ لەڕووی (یاسایی، دارای و ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی) سلێمانی، 2023.
- بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی صلاح الدين،.هەولێر، هەولێر،2020.
- محمد اسماعیل جلیل، کاریگەری جەنگی داعش لەسەر پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان- عێراق لە ساڵانی(2014-2022) نامەی ماستەر، زاکۆی صلاح الدین- هەولێر، هەولێر،2015.
- هەڤاڵ مستەفا مجید، پێوەرەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی فیدراڵی دەستوری عێراق وەك نمونە (شیکردنەوە و هەلسەنگاندن) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ،هەلێر، 2016.
- کارزان احمد عمر، ئاڵینگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی 2023.
- ڕاپۆتەکانی دیلۆت بڵاوکراوەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://www.rudaw.net/sorani/business/01012016-amp
- دابان عبدالواحید حسن، لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغداد سەبارەت بەیاسای بودجە، چاوی کورد،بەستەر https://shorturl.at/mePDw.
- دەنگی ئەمریکا، مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانی لە نێوان پاڵپشتی کردن و تەخوین کردن دا، 2025/2/3، بەرواری سەردنی کرد،2025/5/15، بەستەر https://www.dengiamerika.com/a/7961384.html
- هیوا مەجید خلیل، پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی ناوچەکە، پێگەی ئەلیکترۆنی شرۆڤە، 2024/2/17، بەرواری سەردانی کردن، 2024/5/16، بەستەر، https://zedpress.krd/political/9774/.
- محمد رەئوف،17 شوبات لە زەمەنی نائومێدیا، دراو میدیا،2019/2/17، بەرواری سەردنی کردن 2025/5/8، بەستەر، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=3200.
- لاجان محمد عوسمان، قەیرانی دارایی و ناسەقامگیری تەندروستی دەرونی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەڕی خەندان، 2024/11/23، بەرواری سەردانی کردن 2025/5/3، بەستەر ، https://www.xendan.org/detailwtar/7124.
- لاجان محەمەد عوسمان، ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریەکانی لەسەر دۆخی ئابووری،: 2024/4/13، بەرواری سەردانی کردن،2025/5/24، بەستەر:https://www.xendan.org/detailwtar/6800
- د.کاروان حمەصالح، ڕۆڵ و کاریگەری ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا، دامەزراوەی میدیای درەو، 2022/7/2، بەروای سەردانی کردن، 2025/5/1، بەستەر، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10591

- یاسین تەها، لێکەوتەی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر پێگەی هەرێم لە بەغدا، دامەزراوەی میدیای درەو، 2025/3/25، بەرواری سەردانی کردن 2025/6/14، بەستەر، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12420
- فازل حەمە رفعت- محمد رەئوف، یەکێتی کارتی غاز بەرامبەر هەرێم بەرز دەکاتەوە،دامەزراوەی میدیای درەو، 2021/1/25، بەرواری سەردانی کردن، 2025/4/4، بەستەر https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7720
- درەو میدیا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وەفد دەنێرێتە بەغدا، دەرو میدیا،202/12/20، بەرواری سەردانی کردن 2025/5/7، بەستەر https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7419.
- سۆران حسین، قوباد تاڵەبانی و بەشێك لە وەیزەرەکانی یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ناکەن، تۆڕی میدیای ڕووداو،2022/10/26، بەستەر https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/261020224?fbclid=IwAR2ymr4iYZSAE5-AwgXHJP_N2KupnIxclIGEI_Ir_H6D29RLrFhU9TOAwaA.

یاساو ڕێساکان

- دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005.
- یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2007 ی  نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان .
- یاسای ژمارە 5 ساڵی  2013 پەرلەمانی کورستان.یاسای وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێم لە حکومەتی فیدراڵی
- یاسای ژماری 7 ی ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان یاسای وەرگرتنی قەرزی پاك،.
- یاسای ژمارە 13 سالی 2023  پەرلەمانی کوردستان،یاسای بودجەی گشتی حکومەتە فیدراڵی عێراق.
- قانون رقم (23) لسنة 2021، قانون موازنة العامة عيراق.
- كتاب وزارة المالية الاتحادية رقم(14502) من 2025/5/28.
- المحكمة الاتحادية قراراها بالدعوى 59/اتحادية/ 2012 وموحدتها 110/اتحادية / 2019 في 2022/2/15 المتضمن الحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة إقليم كردستان رقم (22) لسنة 2007. الرابط، https://www.iraqfsc.iq/news.4805/

سەرچاوەکان بە عەرەبی

- رونالد ل. واتس، الانضمة الفدراليه، ترجمة: غالي برهومة و مها بسطامي،منتدى الاتحاد الفدرالية،طبعه خاصة اوتاوا، كندا ، 2006.
- طه حميد حسن و سمية غالب زنجيل، النظام الاتحادى بين الاقرار الدستورى والواقع العملى، مجلة ياساو راميارى، كلية قانون والسياسة، العدد خاص، اربيل،2010.
- عبد منعم ابو طبيخ، توزيع الاختصاصات فى دولة الفدرالية دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، الاكاديمية العربية المفتوحة، كليه قانون والعلوم السياسة، دانمارك ،2006.
- احمد نور طه وه د.على فارس جانگير، الحقوق المالية للاقاليم والمحافظات غير المنتظمة فى اقليم فى العراق، مجلة الاكادمية جامعة نوروز، مجلد 9، عدد1، 2010.
- ابتسام عبداللتيف محمد،مستحقات اقليم كوردستان وكميات مبالغ تصدير النفط خارج طار شركة (سومو) و مدهى تأثيرها على الموازنة الاتحادية للمدة (2005 – 2029)، مجلس النواب العراقى – دائرة البحوث والدراسات النيابية مكتب بحوث الموازنة (تشرين الاول 2020).

- اسعد محمد على وهاب، و ضحى كمال عبدالكريم، و سارة صباح كامل، دور الرقابة الداخلية في تقويم اداء خدمات المؤسسات الحكومية، مجلة بحوث متقدمة في الاقتصاد واستراتيجيات الاعمال، المجلد 3، العدد1، 2022.
- محسن حسن محمد ، احمد سليمان صفار،أميرخاس عارف طاهر، السياسة المالية و دوروها فى معالجة الازمة المالية والاقتصادية فى اقليم كوردستان، مجلة الاكاديمية جامعة نوروز، ب.13.ژ1، 2024.
- د.خيرى ابراهيم مراد،استقطاع جبرى لرواتب موظفى اقليم كوردستان العراق - الاسباب والحلول,مجلة الحقوق، جامعة الكويت، عدد 1، 2024.
- خالد احمد احمد، أشكالية العلاقة بين حكومة أقليم كوردستان والحكومة الاتحاديه العراقية (2005-2020) اطروحة دكتوراه، جامعة سوران، سوران، 2024.
- احمد خلف حسين، التحليل الاقتصادى للتنظيم التشريعي للاختصاصات المالية للحكومة المركزية والاقاليم، مع تطبيق على جمهورية العراق، رسالة ماجستير، كليةالحقوق، جامعة مسر، 2020.
- موقع الرسمى للوزارة المالية الاتحادية https://mof.gov.iq/Pages/MainMof.aspx
- حكومة اقليم كوردستان، وفقا لقانون الموازنة الاتحادية لعام 2023. لاقليم كوردستان أكثر من 9 ترليون دينار بذمة الحكومة الاتحادية، 2024/3/16، تاريخ الزيارة، 2025/4/7، الرابط https://shorturl.at/MdNHW
- نرمين معروف عضو لجنة المالية فى برلمان العراق، حصة إقليم كوردستان من النفقات الحاكمة تبلغ 12.67 بالمائة، كوردستان 24، 2024/6/3، تاريخ الزيارة، 2025/5/51، الرابط، https://www.kurdistan24.net/ar/story/329567
- راوێژ محمد، تظاهرات احتجاجية باقليم كوردستان ضد الادخار الاجبارى فى الرواتب, باس نيوز. 2018/3/25, تاريخ الزيارة 2025/5/1, الرابط https://www.basnews.com/ar/babat/424702.
- موقع : الوقت التحليلي الاخباري، خلف الفساد والازمة الاقتصادية في كردستان العراق، احتجاجات طلابية وسط مقاطعة اعلامية غربية، تاريخ النشر: 2021/11/29، لزيادة المعلومات انظر هذا الرابط الكتروني:
- .https://apa-inter.com/post.php?id=3133
- روشن قاسم، استمرار التظاهرات الاحتجاجية بجنوب كردستان واعتقالات في أربيل، تاريخ النشر: 2018/3/26، الرابط الالكتروني:
- https://anfarabic.com/كردستان/استمرار-التظاهرات-الاحتجاجية-بجنوب-كردستان-وإعتقالات-في-اربيل-42823 .
- ياسر المالكي، تداعيات حكم غرفة التجارة الدولية على قطاع النفط في العراق و اقليم كوردستان،IRIS، تاريخ الزيارة، 2025/4/28، الربط https://shorturl.at/Qi5Vy
- سلام محمد العبودى, الاستقطاع من الرواتب و صناع الفوضى، الموقع الكتابات، 2025/5/11, الرابط https://shorturl.at/91qL2 .

سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

- Ababakr, Mahmood, Yasin. 2020. "Iraqi Kurdistan Region: from Para diplomacy to protodiplomacy" Emerald Publishing Limited 8 (4) p: 309-328.
- Sbey Research, The Impact delayed salary payments on employees in the Kurdistan region of Iraq (An impact assessment study), November 2023, p 7-8.
- Sbey Research team, The Impact of delayed salary payments on employees in the Kurdistan Region of Iraq, 15/11/2024, last vivist 2/6/2025, link https://www.sbeyresearch.com/researches/13?utm_source=chatgpt.com.

- Bahrooz jaafar ,The KRG's Energy Sector: The Search for Regional Stability, MEDITERRAN INSTTI FOR REGIONAL STUDIES, 19/2/2023. Link, https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=189.

# تأثيرات النزاعات الاقتصادية بين حكومة اقليم كوردستان والحكومة الاتحادية العراق على استقرار السياسى فى الاقليم كوردستان (2014-2024)
# (دراسة تحليلية)

| |
|---|
| عبدالرحمان بيلال حسين |
| قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق |
| Abdurahmanbilal24@gmail.com |
| أ. م.د.بارزان جوهر صادق |
| قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق |
| barzan.sadq@su.edu.krd |

## الملخص

بعد عام 2005 النزاعات بين الحكومة الفيدرالية و حكومة اقليم كوردستان اصبحت لا تقتصر فقط فى الاطار السياسي والقومي، ولكن ظهرات هنالك اسباب اخرى ادت الى تعميق هذه النزاعات مثل وجود احتياطي كبير في المصادر الطبيعية و خاصة الطاقة (النفط والغاز الطبيعي)، مما ادى الى ان تكون هذه النزاعات اعمق و ذلك من خلال محاولة اقليم كوردستان فى تحقيق الاستقلالية فى الاقتصاد (في ادارة الثروات الطبيعية) عن طريق انتاج و بيع الثروات النفطية بصورة مستقلة، فى حين تحاول الحكومة الفيدرالية (اتباع السياسة المركزية فى اداره الثروات الطبيعية) السيطرة على الاقليم من خلال اعادة الايرادات النفطية و الغير نفطية جميعها الى الخزينة الفيدرالية، و فى عام 2014 اصبحت هذه النزاعات سببا فى ايقاف و عدم صرف موازنة اقليم من قبل الحكومة الاتحادية بالاضافة الى اصدار قرار ملزم فى عام 2023 بايقاف تصدير النفط من قبل حكومة اقليم، مما ادى الى تضعيف الوضع الاقتصادى فى الاقليم، بالتالى اثرت بصورة سلبية على الوضع السياسي و الاقتصادى و الاجتماعي فى اقليم كوردستان بشكل عام و خاصة على استقرار الوضع السياسي، مما ادى الى استياء الشعبي من خلال حدوث مظاهرات جماهيرية و زيادة في الضغط على حكومة الاقليم و انعدام الثقة بين الاحزاب السياسية في الاقليم و عدم قدرة المؤسسات الحكومية فى تقديم الخدمات العامة والايفاء بالالتزاماتها والتي انعكست على العلاقة بين الاطراف السياسية فى حكومة اقليم كوردستان، و علاقة حكومة الاقليم بالدول المجاورة و الدول الحلفية.

الكليمات المفاتحة: النزاعات الاقتصادية، حكومة الاقيلم كوردستان، حكومة الفيدرالية العراق، الاستقرار السياسي.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Impact of Economic conflicts between the Kurdistan Regional Government and the Federal Government on Political Stability in the Kurdistan (2024-2014)Region
# (an analytical study)

| |
|---|
| **Abdulrahman Bilal Hussein** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **Abdurahmanbilal24@gmail.com** |
| **Assist. Prof. Dr. Barzan Jawher Sadiq** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **barzan.sadq@su.edu.krd** |

## ABSTRACT

**Since 2003, the conflict between the federal government and the Kurdistan Regional Government (KRG) have extended beyond political and nationalistic dimensions. Additional factors have emerged that deepened these conflicts, particularly the presence of substantial reserves of natural resources-especially oil and natural gas. These resources have intensified the disputes, as the Kurdistan Region has sought economic autonomy through the independent production and sale of its oil resources. Conversely, the federal government has pursued a policy of centralization in managing natural wealth, seeking to maintain control over the region by directing both oil and non-oil revenues to the federal treasury.**

**In 2014, these disputes culminated in the federal government's suspension of the KRG's share of the national budget. Further escalation occurred in 2023, when a binding decision was issued to halt oil exports by the KRG. These actions significantly weakened the region's economic situation and adversely affected its political, economic, and social stability—particularly the political equilibrium. This instability triggered widespread public dissatisfaction, manifested in mass protests and increased pressure on the regional government. It also led to a deep erosion of trust among political parties within the Kurdistan Region and hindered the ability of government institutions to deliver public services and fulfill their obligations. These consequences have directly impacted the internal relations between political actors in the KRG, as well as the region's external relations with neighboring and allied countries.**

**Keywords: (Economic conflicts, Kurdistan Regional Government, Iraqi Federal Government, Political stability.**